گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper23

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20-09-2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 26-01-2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# دەسەڵات لە لای میشێل فوکۆ

**زریان همزه عزیز[1] - دارستان عبدالرحمن حسین[2] - بەیار عثمان قادر[3]**

bayarothman@uor.edu.krd - darstan.abdulrahman@uor.edu.krd - zryan.hamzaaziz@uor.edu.krd

[1+2+3]بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

میشێل فوکۆ فەیلەسوفێکی بەناوبانگی فەرەنسییە تێگەیشتنی جیاوازی هەیە بۆ چەمکی 'دەسەڵات'، جەخت دەکاتەوە لەوەی دەسەڵات جیاوازترە لەوەی ئێمە دەیزانین و ڕوە شاراوەکانی نابینین. دەسەڵاتی مۆدێرن لە سەپاندنی هێزەوە، لە ئیرادەی خۆسەپاندنی تاکێکەوە، بەتەواوی گۆڕانی بەسەرداهاتوە، چیتر لەو فۆرمە کۆنانەیدا نەماوەتەوە. بەڵکو دەسەڵات لە هەمو شوێن و کاتێکدا هەیە، بۆ هەمو کەس و لایەنێکە بەبێ جیاوازی، بەسەر هەمواندا وەک یەک پیادەدەکرێت. فۆکۆ چەمکی دەسەڵات شیدەکاتەوە، لەڕوی جۆریەتییەوە و بەپێی سەردەم و کات و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا پیادەدەکرێت، دابەشیدەکات بۆ دو بەش، کە بریتین لە دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی شوانکارەیی. دەسەڵاتی دەوڵەت شێوازی مۆدێرنی دەسەڵاتە و کار لەسەر سەپاندنی هەژمونی باڵای خۆی دەکات بەسەر هەمو کۆمەڵگەدا. دەسەڵاتی شوانکارەیی فەرمانڕەوا وەک شوان و کۆمەڵگا وەک مێگەل وێنادەکات و ئەرکی چاودێری تەواو دەداتە فەرمانڕەوا. لە دیدی فۆکۆدا، ژینگەی لەباری کارای دەسەڵات کە پێماندەڵێت چ شتێک ڕاستە و دەبێت بگوترێت و چ شتێکیش نابێت بگوترێت پێی دەگوترێت 'گوتار'. گوتار پەیوەندیەیەکی بەتینی لەگەڵ دەسەڵات هەیە و توانای بەهێزکردن یان لاوازکردنی لە ئاستی باڵادا هەیە. بەهەمان شێوە، 'زانین' پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەسەڵات هەیە و کار لەسەر ئاڕاستەکردنی تاک دەکات و دەبێتە بنەمای گەڵاڵەکردنی دید و بۆچونەکانی لەبەرامبەر دەسەڵات. دەسەڵات لای فۆکۆ لە شێوازی جۆراوجۆردا دەردەکەوێت. وەک دەسەڵاتی سەرکوتکار، دەسەڵاتی سەروەر، دەسەڵاتی دیسیپلین و بایۆ دەسەڵات. دەسەڵاتی سەرکوتکار لەسەر ملکەچی و سەرکوتی هاووڵاتیان دەکات. دەسەڵاتی سەروەر هەوڵی سەپاندنی سەروەریەتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا دەدات. دەسەڵاتی دیسیپلین کار لەسەر یاسا و ڕێسای ڕێکخستنی کۆمەڵگا دەکات و بایۆ دەسەڵاتیش کار لەسەر ژیانەوەی کۆمەڵگا دەکات و نوێترین شێوازەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەکاردەهێنێت. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەمەیە: فۆکۆ چۆن دەڕوانێتە دەسەڵات و چۆن وێنای دەکات؟ لەسەرچ بنەمایەک جۆرەکانی دەسەڵات دیاریدەکات و چۆن دەڕوانێتە پەیوەندییەکانی دەسەڵات؟ لە میانەی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەچەند ئەنجامێک لەوانە: بە تێڕوانینی فۆکۆ دەسەڵات پەیوەست نییە بە کات و شوێنی دیاریکراو، دەسەڵات لەشێوەی جیاوازدا

دەردەکەوێت، دەکرێت هەمومان لەکات و شوێنی جیاوازدا خاوەن دەسەڵات بین. زانین و گوتار پەیوەندییەکی دوانەی لێکدانەبڕاویان هەیە لەگەڵ دەسەڵات. کە کار دەکەنە سەر دەسەڵات لەڕوی هەژمون و ئاستی پیادەکردنی لەلایەن کۆمەڵگاوە.

**کلیلە وشەکان:** میشێل فۆکۆ، دەسەڵات، جۆرەکانی دەسەڵات، گوتار، زانین

## پێشەکی

وەک یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەردەم، فۆکۆ کاریگەری فەلسەفی دیاری هەبوە لە فەلسەفەی خۆرئاوادا، بەتایبەت لەهەمبەر چەمکی 'دەسەڵات'. فۆکۆ هەوڵی تەواوی داوە، کە بەرگێکی نوێ بەبەر مۆدێل و شێوازەکانی دەسەڵاتی مۆدێرندا بکات لە دیدی فۆکۆدا، دەسەڵات چیتر کەنارگیر و چەقبەستو نییە لە تەنها تاکە کەسێک و تاکە لایەنێکی دیاریکراودا. بەڵکو دەسەڵات بۆ هەموانە و هەموان وەک یەک بەشدارن لە سیستەمی دەسەڵاتی مۆدێرندا و بەسەریاندا پەیڕەودەکرێت.

لە بۆچونەکانیدا دەربارەی دەسەڵات، فۆکۆ گرنگی جۆر و شێوازەکانی دەسەڵات دەردەخات و شارەزابون و ئاگاداربون لێیان بە پێویست دەزانێت، ئەمەش لە پێناو دەستەبەرکردنی شێوەیەکی تازەی دەسەڵات کە بەرژەوەندی هەموان لە ئاستی باڵادا بپارێزێت و هەموان وەک یەک خاوەنداریەتی بکەن، لە هەمان کاتدا، لە لای فۆکۆ گرنگە کە کاریگەری ئەو فاکتەرانەی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پەیوەندی و ناوەڕۆکەکانی دەسەڵات دادەنێن وەک 'گوتار' و 'زانین' لێکبدرێتەوە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدا شرۆڤە بکرێن. زۆرێک لە بیرمەند و فەیلەسوفان بۆچونەکانی خۆیان دەربڕیوە دەربارەی دەسەڵات، بەڵام لە ناویاندا فۆکۆ بۆچون و تێڕوانینی جیاواز و تایبەتی هەیە لەسەر دەسەڵات بەو پێیەی لە زۆربەی نوسینە کانیدا تۆڕی دەسەڵات لە پنتە بچوک و پەراوێزەکاندا تاوتوێ دەکات. فۆکۆ وەک فەیلەسوفی دەسەڵات، و کۆمەڵناس، و ئارکیۆلۆژیست ناسراوە، خاوەنی چەندین بەرهەمە لەوانە: مێژوی شێتی، مێژوی سێکسوالیتە، وشەکان و شتەکان، دیسپلین و سزا، دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت، ڕیزبەندی وتار،....هیتر. فۆکۆ دەیەوێت پێمان بڵێت چۆن چۆنی دەسەڵات پیادەدەکرێت و پاشان کاریگەرییەکانی پیادەکردنی دەسەڵات چین.

### گرنگی توێژینەوە:

دیاریکردنی بابەتێکی توێژینەوەی لەم جۆرە بە هەنگاوێکی گرنگی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، چونکە توێژینەوەکە بە ڕونی و بە وردی دیدی میشێل فۆکۆ دەربارەی چەمکی دەسەڵات و جۆر و پەیوەندیەکانی دەخاتەڕو. هەروەها دەروازەیەکی باشە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت زانیاری دەربارەی ڕۆشێل فۆکۆ و چەمکی دەسەڵات لە دیدی فۆکۆدا پەیدابکەن. وا لەخوێنەر دەکات دوجار بیربکاتەوە سەبارەت بە جۆری دەسەڵات و واقیعی ئێستا لەجیهان بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت. دیدگاو تێڕوانینی خوێنەر جیاوازتر دەبێت دوای خوێندنەوەی ئەم توێژنەوەیە، و باشتر دەتوانێت جۆری دەسەڵاتەکان بناسێتەوە و دیاریان بکات و دواجار بڕیاریان لەسەر بدات.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ئاشناکردنی خوێنەر بە بۆچونی میشێل فۆکۆ دەربارەی چەمکی دەسەڵات. هەروەها پێشکەشکردنی شرۆڤەیەکی گرنگ دەربارەی جۆر و شێواز و پەیوەندیەکانی دەسەڵات و کاریگەرییەکانی هەردو چەمکی

'گوتار' و 'زانین' لەسەر پرۆسەی دەسەڵات. ئامانجمانە خوێنەری کورد بەگشتی و بەتایبەتیش خوێنەرانی فەلسەفەی فۆکۆ، زیاتر ئاشنابن بە بیروبۆچونەکانی لە بابەتەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و شێواز و ڕێگاکانی پەیڕەوکردنی.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێک لەخۆدەگرێت لەوانە: چەمکی دەسەڵات و جۆرەکانی دەسەڵات کامانەن؟ ئایا کەمە جۆری دەسەڵات شیاوە؟ گوتار چیە؟ فۆکۆ چۆن دەڕوانێتە گوتار؟ دیدی فۆکۆ سەبارەت بەزانین چیە؟ خودی بابەتەکە کە هەڵگری ڕاڤەی جیاوازە و دەکرێت بەچەندین شێوە ڕاڤەبکرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و مەزنی فەیلەسوف میشێل فۆکۆ و گرنگی بۆچونەکانی فۆکۆ بەگشتی و چەمکی دەسەڵات بەتایبەتی لە بوارەکانی توێژینەوەدا.

**لێرەدا چەند پرسیارێک دەخەینەڕو:**

ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی دروستبونی دەسەڵاتێکی شوانکارەیی و بەردەوامی، لێکەوتەکانی چین؟

ئایا گوتاری کوردی بەشدارە لە بەهێزبونی دەسەڵاتی کوردی؟

چۆن کۆمەڵگە دەتوانێت ڕێساو یاساو دیسپلین لە چاودێری کۆمەڵگەوە بگۆڕێت بۆ چاودێری دەسەڵات، بەواتایەکیتر چۆن دەتوانێت ڕزگاربیێت لە دەسەڵاتی دیسپلین؟

**گریمانەی توێژنەوە:**

دەسەڵاتی مۆدێرن دەست دەگرێت بەکۆمەڵێک زانینەوە و لەڕێگەیانەوە چاودێری تاکەکان و کۆمەڵگا دەکات و ڕایاندەهێنێت لەسەر گوێڕایەڵی، دیسیپلین کارگەی دروستکردنی زۆرەملێ و گوێڕایەڵییە، دیسیپلین یەکێکە لە ئامرازەکانی دەسەڵات بۆ خستنە ژێر چاودێری و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشت و توانا و توانستەکانی کەسەکان. لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردنی دەسەڵات لە لای فۆکۆ کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە سەر خوێنەر، دوای خوێندەوەی فەلسەفەی فۆکۆ خوێنەر بەئاسانی بڕیارنادات، و نابێت بە بەشێک لە دەسەڵاتی سەپێنەر.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە مێتۆدی شیکاریی شرۆڤەیی بەستوە، هەوڵدراوە کە بەشێوەیەکی زۆر ڕون و بەزمانێکی ستاندارد و بەشێوازی شرۆڤەکاری ورد بابەتەکان بخرێنەڕو و لێکدانەوەیان بۆبکرێت.

**پەیکەر بەندی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە پێکهاتوە لە سێ بەش: بەشی یەکەم شرۆڤەی دەسەڵات و جۆرەکانی دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ دەکات کە لە دو باس پێکهاتوە: کە تیشک دەخاتە سەر دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ، و شیکاری جۆرەکانی دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ دەکات. لە بەشی دوەمدا گوتار و زانین لە لای میشێل فۆکۆ دەخاتەڕو، کە لە دو باس پێکهاتوە: لە باسی یەکەمدا شرۆڤەی گوتار لە لای میشێل فۆکۆ دەکەین. لە باسی دوەمدا زانین لە لای میشێل فۆکۆ تاوتوێ دەکەین. هەرچی بەشی سێیەمە تایبەتە بە پەیوەندی دەسەڵات و جۆرەکانی پەیوەندی دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ، کە لە دو باس لەخۆدەگرێت. لە یەکەمدا تاوتوێی پەیوەندی دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ دەکەین. بابەتی دوەم و کۆتایی تایبەتە بە جۆرەکانی پەیوەندی دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ.

## بەشی یەکەم: واتای دەسەڵات و جۆرەکانی دەسەڵات لە دیدی میشێل فۆکۆ

### باسی یەکەم: دەسەڵات لە دیدی میشێل فۆکۆ

دەسەڵات پێناسەکراوە بە توانای تاک لە کاریگەری دانان و سەپاندنی ویستی خۆی بەسەر ئەوانیتردا و ناچارکردنیان بە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک لەبەرژەوەندی تاکدا (Heywood, 1999, 130). هەروەها لەسەر بنەمای دامەزراوە و دەوڵەت و یاسادانان، دەسەڵات بریتییە لە تێگەیەکی پەیوەست بە ڕەوشت و هێز کە لەسەر پێگەیەک وەستاوە و دەزگایەک ڕێکیدەخات و لە پرۆسەی پەرەسەندنی مێژویی و کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ دەگێڕێت. هەروەها لەڕوی زمانەوانییەوە دەسەڵات بەواتای توانست و هێزە بەسەر شتێکدا جا دەسەڵاتەکە کەسی و دەرونی بێت یان یاسایی و شەرعی یان ئاینی و کۆمەڵایەتی بێت (صلیبا، ١٣٨٥، ٦٧٠).

میشێل فۆکۆ لە پێناسەکردنی دەسەڵاتدا ڕەهەندێکی فراوان ڕەچاودەکات و پێیوایە دەسەڵات داگیرناکرێت لەلایەن تەنیا کەسێک، لایەنێک، دەزگایەک، یان چینێکەوە، بەڵکو پیادە دەکرێت (Foucault, 1980, 78). لەم پێناسەیەی فۆکۆوە دەردەکەوێت، کە دەسەڵات شتێکی بەرجەستە نییە و ناتوانرێت بگیرێت و کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵکو هەستی پێدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ تاکێک یان دامەزراوە و لایەنێکی دیاریکراو ناتوانێت دەسەڵات قۆرغ بکات و وەک هێزی قەدەغەکار و سەرکوتکار بەکاریبهێنێت. لەبری ئەوە دەسەڵات پرۆسەیەکی ڕۆژانەیی پەیوەستە و هەموان وەک یەک دەگرێتەوە، بە جۆرێک کە لەنێوان و تاکەکان و گروپەکان و دامەزراوەکان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا پەیوەندی دەبەستێت و بەبێ جیاوازی پیادەدەکرێت و ڕەفتار و تێگەیشتنی نوێ بەرهەمدەهێنێت و لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا ڕۆڵ دەگێڕێت (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١١).

گشتگیربونی دەسەڵات بەمانای ئەوە نایەت کە نەچێتە ناو وردەکاری تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانەوە و پرسە بچوکەکان نەگرێتە خۆی، بەڵکو گوزارشت دەکات لە شۆڕبونەوەی دەسەڵات بەهەمو شوێن و کون و کەلەبەرێکدا و وەک تۆڕێکە کە تەواوی کۆمەڵگای گرتۆتەوە. لەم ڕووەوە فۆکۆ پێیوایە کە پێویستە بەشێوەی بەشەکی دەسەڵات شیبکرێتەوە (ناش، ٢٠١٣، ٩٨). لەبەرئەوە لەناو وردترین و پەراوێزخراوترین شوێنیشدا دەسەڵات بونی خۆی هەیە، بۆ نمونە دەکرێت لە پەیوەندی نێوان پزیشک و نەخۆشدا دەرمان وەک ئامراز و جەستەش وەک شوێنکاری دەسەڵات ببینین. واتە پێناسەی دەسەڵات بکەین وەک رایەڵەی نێوان جەستە و دەرمان، پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکار و وەستا و شاگرد و سەرجەم پیشەکانی تریش هەمان شێواز وەردەگرن (سارتر، ٢٠٠٩، ٩٨).

بە بۆچونی فۆکۆ دەسەڵات لە پێناو ڕێزامەندی مرۆڤەکان و ناچارکردنیان بە خۆبەدەستەوەدان، لەپەنای زەبر و زەنگ و توندوتیژییەکانی ئامرازی عەقڵانیش بەکاردەهێنێت. لەبەرئەوە ئەوانەی پەیڕەوی دەسەڵات دەکەن نابێت بەهیچ شێوەیەک تەنها لایەنە قێزەون و پڕ توندوتیژییەکانی دەسەڵات دەرخەن و داموودەزگاکانی بخەنە بەر ڕەخنە، بەڵکو زۆر پێویستە کە گومان لەو شێوە تایبەتەی عەقڵانیەتیش بکەن، کە لەنێو پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا ئامادەیە، جا لە هەر شێواز و فۆرمێکدا بێت. لەو نێوەندەشدا دەسەڵاتی دەوڵەت لەسەردەمی مۆدێرندا قێزەونترین و ترسناکترین جۆری دەسەڵاتە، زۆرترین کوشتنەکان و زەلیل کردنەکانی مرۆڤ بە سەرپەرشتی دەوڵەت، یان لەژێر دەستی دەوڵەت، یان بەهۆی دەوڵەتەوە ڕویان داوە (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٧).

لەم ڕووەوە، فۆکۆ بە ڕاناوی تاک باسی دەسەڵات ناکات و باوەڕیشی بەوە نییە، کە دەوڵەتی ناوەندی گوزارشتبێت لە دەسەڵات. بەڵکو پێیوایە کە دەوڵەت پەیکەرێکی بەتاڵە و دەسەڵاتە زۆر و ڕاستەقینەکانیش لەجێگەیەکی ترن. یان ڕاستره بڵێین هەمو کۆمەڵگا دەگرنەوە و بە جەستەی کۆمەڵایەتیدا ڕۆچونەتە خوارەوە. لەبەرئەوە فۆکۆ لەو باوەڕەدایە کە دەسەڵات لە هەمو شوێنێکدایە و لە پانتاییە بچوکەکانیشەوە سەرهەڵدەدات و پێویستە هەموان وەک یەک پێوەی پابەندبین (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٦، ٢١١).

لە دیدی فۆکۆدا، پەیوەندی نێوان هێزە جیاوازەکانی دەسەڵات لە دەرئەنجامی جیاوازی و نایەکسانییەکانی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندییەکانی تری وەک ئابوری و سێکس دەکەونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات شتێک نییە کە گروپێک یان لایەنێک تاکە خاوەنی بێت، بەڵکو دەسەڵات کۆمەڵێکی ئاڵۆزی هێزە جۆراوجۆرەکانە کە لەهەمو شتێکەوە پەیدادەبێت و لەهەمو شوێنێکیش هەیە. پەیدابونی دەسەڵات لە نایەکسانی و نادادپەروەرییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵات هەمیشە ئامانج و مەبەستێک لەپشتیەوەیەتی. واتە لەهیچ کات و شوێنێکدا ناکرێت دەسەڵات بێ ئامانج بێت (Lynch, 2011, 19).

فۆکۆ پێیوایە کە پەیوەندی دەسەڵاتەکان بە بەردەوامی دەگۆڕێن و کاریگەریان هەیە لەسەر دەسەڵاتەکانی تر، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی بەهێزکردن یان لاوازکردنی ئەو دەسەڵاتانە، فۆکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵات هەمیشە سروشتێکی بەرگریکارانەی هەیە و بە جۆرێک لەجۆرەکان توشی گۆڕان دەبێتەوە. واتە لە هەمو کات و شوێنێکدا ئەگەری گۆڕانی دەسەڵات لە ئارادایە (Lynch, 2011, 20).

فۆکۆ لە توێژینەوەی دەسەڵاتدا هەندێک گریمانەی لە زەیندایە و پێیوایە کە دەسەڵات نە ناوەرۆکە و نە ڕوکەش بەڵکو جۆرێکی تایبەت و دیاریکراوی پەیوەندی نێوان تاکەکانە، هەندێک لەو تاکانەش کە خاوەن دەسەڵاتن دەتوانن کەم تا زۆر تەواوی ڕەوشتی ئەوانی تر دیاری بکەن. هەروەها پێویستە عەقڵانیکردنی دەسەڵات لەبیرنەکرێت، چونکە هەمو کات و ساتێک لە ئارادایە، ئەم عەقڵانیکردنەش کۆمەڵێک بواری جیاواز لە بواری ئابوری و پەیوەندییەکان دەگرێتەوە (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٦، ٢١٩).

لە لای فۆکۆ دەسەڵات لە کارکردن لەو دامودەزگا و بنکە و ڕێکخراوانەدا هەیە، کە زانین بەرهەمدەهێنن لە هەمو ئەو شوێنانەشدا پەیوەندی زاڵبون و ژێردەست بون هەیە، پەیوەندی هێزدار و بێهێز، قسە ڕۆیشتو و بەستەزمان، فەرمانبەردار و ژێرفەرمان هەیە. واتە دەسەڵات لە بارودۆخەکانی کارکردن و دروستبونی گوتارەوە دێتە بەرهەم (میراودەلی، ٢٠٠٧، ٥٤).

بەم جۆرە لە دیدی فۆکۆدا لە سەدەی شازدەیەم و حەڤدەیەمەوە پەیوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە جۆرێک پەرەیان سەندوە و ئاڵۆزبون کە چیتر ئەو مۆدێل و شێوازە لەدەسەڵات کە لە دونیای کۆندا لە دەستی پاشا یان ئەمیرێکدا کۆکراوەتەوە و ویستویەتی بەسەر هەمواندا پیادەی بکات، ناتوانێت چالاکانە کاربکات. کۆمەڵگاکان لە سەدەی شازدەیەم و حەڤدەیەمەوە تەواو ئاڵۆزبون و لەئەنجامدا دەسەڵات لەو شێوازە دەردەچێت، کە تەنها لەدەستی تاکە کەسێکی وەک پاشا یان ئەمیردا کۆببێتەوە و لە سەرەوەڕا بەرەو خوارەوە پیادە بکرێت (قانع، ٢٠١٧، ٧٤-٧٥).

سەرەڕای ئەوە فۆکۆ لە وانەکانی ساڵی (١٩٧٦)دا دەربارەی جەنگ و دەسەڵات باسی لەوە کردوە کە لەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیاوە پەیوەندییە فرەلایەنەکانی دەسەڵات جەستەی کۆمەڵایەتیان تێپەڕاندوە و تایبەتمەندیان پێ بەخشیوە و

دەسەڵاتیان بنیات ناوە. پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش لە گوتاری ڕاستەقینە دانابڕێن و بێ بەرهەمهێنان و کەڵەکەکردن و دابەشکردن و بەگەڕخستنی گوتارێکی ڕاستەقینە، ناکرێت ئەو دەسەڵاتە دابمەزرێنرێت. دەسەڵات ناتوانرێت بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە مەگەر گوتاری ڕاستەقینە ئابورییەکی تایبەت بەخۆی هەبێت کە لەناو دەسەڵات و لەسەر پایەی ئەو دەسەڵاتە کاری خۆی بکات. کەواتە لەلای فۆکۆ ئێمە ملکەچی بەرهەمهێنانی ڕاستین و لەڕێگەی بەرهەمهێنانی ڕاستیشەوە نەبێت ناتوانین پراکتیزەی دەسەڵات بکەین (فۆکۆ، ٢٠١٨، ٧٥).

لە لایەکی ترەوە، فۆکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت دەسەڵات وەک دیاردەیەکی هاوچەشن و چونیەکی هەژمون لەقەڵەم بدەین وەک هەژمونی تاکێک بەسەر تاکێکی دیکەوە، یان گروپێک بەسەر گروپێکی دیکەوە، یان چینێک بەسەر چینەکانی ترەوە. دەسەڵات شتێک نییە کە بتوانین دابەشی بکەین لەنێوان ئەوانەی کە هەیانە و ئەوانەی کە نیانە، ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن و ئەوان ملکەچین. بەڵکو پێویستە دەسەڵات وەک شتێک لێکبدرێتەوە کە دەبزوێت و دەخولێتەوە، یان وەک شتێک کە تەنها کاتێک کاردەکات کە ئەڵقەیەک بێت لە زنجیرەیەک، دەسەڵات لێرە و لەوێ چڕنابێتەوە و لەدەستی هیچ کەسێکدا نییە، هەروەها دەسەڵات وەک سەروەت و سامان خاوەندارێەتی ناکرێت. دەسەڵات کاردەکات و لەڕێگەی چەند تۆڕێکەوە کارەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێت و لەو تۆڕانەشدا تاکەکان هەم بەکارهێنەر و هەم ملکەچی ئەو دەسەڵاتەن (فۆکۆ، ٢٠١٨، ٨٤).

فۆکۆ بە یەکێک لەو فەیلەسوفانە دادەنرێت کە بۆی دەرکەوتوە دەسەڵات تەنها ئەو هێزە نەرێنی و زۆردار و سەپێنەرە نییە کە ناچارمان دەکات بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە دژی خواستەکانمانن. بەڵکو ئەو هێزەیە کە دەکرێت لە کۆمەڵگادا ئەرێنی و دروستکەر و پێداویستییەکی سەرەکی بێت و هەموان پشتی پێ ببەستن و بۆ خزمەتی کۆمەڵگا بەکاریبهێنن (Gaventa, 2003, 2).

هەروەک فۆکۆ لەو بارەیەوە دەڵێت: ''پێویستە ئێمە بە یەکجاری و بۆ هەمیشە واز لە ناساندنی کاریگەرییەکانی دەسەڵات بهێنین وەک شتێکی نەرێنی کە دەوترێت: ''دەسەڵات جیاوازی دەکات، دەسەڵات ستەم دەکات، دەسەڵات خۆی دەسەپێنێت، دەسەڵات بەربەست دروست دەکات، دەسەڵات ڕوی ڕاستەقینەی خۆی نیشان نادات، لەڕاستیدا دەسەڵات دروستکەرە، دەسەڵات ڕاستی بەرهەمدەهێنێت، دەسەڵات بوار و شێواز و نەریتەکانی ڕاستی دەسازێنێت'' (Foucault, 1991, 194).

خاڵێکی گرنگی دیدی فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات ئەوەیە کە لە لای فۆکۆ دەسەڵات بواری سیاسی تێپەڕاندوە و تەنها لە سیاسەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو فۆکۆ وایدەبینێت کە دەسەڵات دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی بەرچاوە، لەبەرئەوە ئەو دەسەڵاتانەی کە بەزەبری هێز و جەنگ و لەئەنجامی شۆڕشەکانەوە دێنەکایەوە زۆر بە کەمی دەتوانن گۆڕانکاری بکەن لە سیستەمی ڕێکخستنی کۆمەڵگادا (Powercube, 2020).

### باسی دوەم: جۆرەکانی دەسەڵات لە دیدی میشێل فۆکۆ

دەسەڵات لەسەر بنەمای سروشت و ئاستی گەشەی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا پیادەدەکرێت یاخود بەپێی ئەو ئامرازانەی کە بەکاریدەهێنێت و ئەو ئامانجە ویستراوانەی کە هەوڵیان بۆ دەدات بە جۆر و شێوازی جۆراوجۆر دەردەکەوێت. فۆکۆ دەسەڵاتی دابەشکردوە بۆ دو جۆر کە بریتین لە دەسەڵاتی دەوڵەت، دەسەڵاتی شوانکارەیی کە بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان دەکەین (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٩).

### ١- دەسەڵاتی دەوڵەت

دەوڵەت تەنیا گوزارشت لە دەزگایەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو دەوڵەت یەکێک لە ڕووەکانی بریتییە لە پرۆسەیەک بۆ بەدیهێنان و کۆکردنەوە و ڕێکخستنی خواستە مرۆییەکان کە پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتیش بونیان هەبوە و خێڵ و هۆزەکان لەپێناویدا جەنگاون. دەوڵەت ئەو ناوەندەیە کە سەرجەم جۆر و شێوەکانی تری پەیوەندی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا دەبێت بۆ ئەو بگەڕێنەوە و دەسەڵاتی دەوڵەت باڵاترین چەشنی دەسەڵات و هێزە لەهەر کۆمەڵگایەکدا. لێرەوە ڕۆڵی دەوڵەت بریتییە لە سەپاندنی هەژمون و دەسەڵات بەسەر کۆی پەیوەندی و کاروبارەکاندا، هەروەها پیادەکردنی چاودێری سەرانسەری، ڕێکخستن و دەستگرتن بەسەر دابەشکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٩).

لەسەر ئەم بنەمایە، لە لای فۆکۆ دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێک دامەزراوە و دەزگا و یاسا و سیستەم کە هاووڵاتیان و چالاکییەکانی سنوردار و کۆنترۆڵیان دەکات و هەژمون و دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دەسەڵاتە تەنها لە لای دەوڵەت کۆنابێتەوە، بەڵکو بەبڕوای فۆکۆ دەسەڵات لە دەرەوەی دەوڵەتیش ئامادەیە و تەنانەت بونی دەسەڵات لە هەمو جێگەیەک ڕاستییەکی چەسپاوە (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٢).

هەمو جۆرەکانی دەسەڵات ئامانجی دیاریکراویان هەیە، دەسەڵات لە دامودەزگاکانی دەوڵەت دابێت، دەسەڵاتی هۆز و خێڵەکان بێت یان دەسەڵات بێت لەناو خێزاندا، هەمو ئەمانە ئامانجی گەورە و بچوکیان هەیە، بەڵام بوار و شێوازی پەیڕەوکردنی هەر یەکێکیان جیاوازە لەوی تر، بەپێی جیاوازی ژینگە و بارودۆخ و پێداویستییەکانی. هەمو ئەو دەسەڵاتانە هەمان سروشتیان هەیە، بەڵام سیستەمی ڕێکخستن وجێبەجێکردنیان جیاوازە. لەو نێوەندەدا فۆکۆ سەرنجی خۆی دەربارەی دەوڵەت لەڕێگەی باسکردنی فۆرمەکانی دەسەڵات و کاریگەری دامەزراوە دەوڵەتییەکانی وەک ناوەندە پەروەردەییەکان و نەخۆشخانە و پۆلیس و زانکۆ و بونی کاریگەرییەکانی لەسەر جەستە و هۆش و پرسە کەسییەکانی وەک سێکس و نەخۆشی دەخاتەڕو (الشاوي، ٢٠١٢، ٥١).

لەلای فۆکۆ، دەوڵەت وەک یەکێک کە دەسەڵات بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە گشتییەکان یاخود گوزارشتبێت بۆ کۆمەڵێک دامەزراوە و دەزگای خاوەن دروستکردنی بڕیار گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. بەڵکو ئەوەی لەلای فۆکۆ گرنگە ئەوەیە کە تاچەند تاکەکان لەسایەی دەوڵەتی مۆدێرندا بون بەو شتەی کە دەسەڵاتی دەوڵەت دەست دەگرێت بەسەر ژیان و پیشەو بەرهەمهێنانەکان و خەرجییەکانیانەوە و بەکاریان دەهێنێت (ابوخاص، ٢٠١٧، ٩٧).

فۆکۆ سەرەتای توێژینەوەی لەسەر دەوڵەت بە ڕەتکردنەوە و پێچەوانەکردنەوەی دەسەڵاتی ڕو لە خوارەوە واتە سەپاندنی دەسەڵات بەشێوەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەستپێکرد. لەجیاتی ئەوە دەستی کرد بە شیکردنەوەی ڕو لەسەری دەسەڵات، لەلای فۆکۆ دەسەڵات پرۆسەیەکی ئاسۆیی و بەربڵاوە بۆیە دەسەڵاتی دەوڵەت نەک لەسەرەوە بەشێوەیەکی ستونی دانابەزێتە ناو کۆمەڵگا و بەسەر تاکەکاندا پیادەناکرێت، بەڵکو دەوڵەت و دامەزراوە دەوڵەتیەکانیش بەشێکن لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و بەراورد بە جۆری تری پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا، دەوڵەت لە پلەی دوەمی ئەو پەیوەندییانەدا هەژماردەکات. لەبەرئەوە دەسەڵات لەلای فۆکۆ هەمیشە و لە هەمو شوێنێکدا هەیە و هیچ سەرەتا و کۆتاییەکی نییە. لەمەوە فۆکۆ دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەوڵەت تەنیا لەسەر بناغەی پەیوندییەکانی دەسەڵات و

سەرکوتکردن، کە لە کۆمەڵگادا هەن دەتوانێت کاربکات و پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات (کۆمەڵێک نوسەر، ۲۰۱۷، ۱۰۹).

لەلایەکی ترەوە، کەم بایەخدانی فۆکۆ بە دەوڵەت و دەسەڵاتی سەرکوتکەری و ڕێکخراوەیی دەوڵەت، بوەتە هۆی ئەوەی نەتوانێت لە ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی دەوڵەت لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی دەسەڵاتدا تێبگات. ئەم بایەخنەدانەشی دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی لەوەی دەوڵەت لە هەلومەرجێکدایە دەتوانێت ئەو جۆرە لە بنیاتی دەسەڵات هەڵبژێرێت، کە بە فەرمی دەڕوانن لە قاڵبی یاساکاندا بێنە دی (کۆمەڵێک نوسەر، ۲۰۱۷، ۱۱۰).

### 2- دەسەڵاتی شوانکارەیی

لە لای فۆکۆ دەسەڵاتی شوانکارەیی کە تێیدا کەسی دەسەڵاتدار بە شوان و هاووڵاتیەکانیشی بە مێگەل دەچوێنرێت، تا قوڵاییەکی زۆر و ترسناک ڕۆچۆتە ناو ڕۆحی مۆدێرنەوە و ئامرازێکی گرنگی بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە. فۆکۆ ئاماژە بەوە دەدات: '' پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە دەوڵەتی مۆدێرن لە خۆرئاوا، کە لە قاڵبێکی سیاسی نوێدا خۆی دەردەخات، بەڵام ئەو ناوەڕۆک و تەکنیکانەی بەکاریاندەهێنێت لە کڵێساوە وەریگرتون و هەمان ئەو تەکنیکانەن کە دەسەڵاتی شوانکارەیی دەنوێنن'' (Foucault, 1982, 782-783).

لە دەسەڵاتی سەردەمدا، شوان لە جێگەیەک وەستاوە کە دەتوانێت بچوکترین جوڵە و چالاکی تاک بەبێ هیچ پەردە و لێڵییەک ببینێت. و دەتوانێت تاک لەژێر تاریکی هەر بیروبۆچون و فەلسەفەیەک دەربهێنێت و بیخاتە بەر ڕوناکی دەسەڵات و بۆچونەکانی خۆیەوە و بەتەواوی بەرەو لای خۆی ئاڕاستەی بکات. کارێک بکات کە تاک ناچاربکات هەست بە بونی شوانێکی چاودێر لەناو ناخ و دەرونیدا بکات. واتە دەسەڵاتی سەردەم لەڕێی ڕێسامەندی دەسەڵاتی شوانکارییەوە نەک هەر بەسەر قەڵەمڕەوییەکی نەگۆڕدا پیادەدەکرێت، بەڵکو باڵایی خۆی بەسەر جەماوەرێکدا پیادەدەکات کە وەک مێگەل مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و بەرەو ئامانجێک ڕایسپاردون (دانیالی، ۲۰۱۸، ۲۹۲-۳۰۸).

بە بۆچونی فۆکۆ ئامانج لە دەسەڵاتی شوانکارەییدا تەنها لەچوارچێوەی خزمەتکردنی دەسەڵاتدا جێگەی کراوەتەوە. واتە ئەگەر مانەوە و زیندویەتی مێگەلەکە بە سودی دەسەڵات بو، ئەوا پێویستە مانەوەی مێگەلەکە پارێزراو بێت. ئەگەر دەسەڵات لە هەر کات و ساتێکدا پێویستی بە قوربانی بو، ئەوا لەسەر مێگەلەکە پێویستە ئەو قوربانییە پێشکەش بکات. هەر وەک چۆن شوان مێگەلەکەی دەپارێزێت و دواتر لەخزمەتی خۆیدا هەرکاتێک پێویست بێت دەیانخوات و سودیان لێدەبینێت، بەهەمان شێوەش فەرمانڕەوا پارێزگاری لە خەڵکەکەی دەکات، بەڵام هەر کاتێک پێویستبو بە پاساوی بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئاینی بە لێشاو بەرەو مەرگ بەرێیان دەکات و دەیانخاتە ناو جەنگ و ئاشوبەوە و ژیانیان وەک سەروەتی جەنگ بۆخۆی دەبینێت (Rousseau, 2002, 3).

دەسەڵاتی شوانکارەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک بە تاکی مێگەل بەتەواوی وابەستەی دەسەڵاتی شوان بێت. مەڕی ناو مێگەل نەک هەر لەکاتی تەنگانە و ناخۆشیدا ڕێگە دەدات لەلایەن شوانەوە ڕێبەری بکرێت، بەڵکو لە هەمو کاتێکدا ئامادەیی ملکەچ بونی تێدایە و پابەندبون بە ڕێنماییەکانی شوانەوە لەلای دەبێت بە نەریت، بەڕادەیەک ئەگەر هەر کاتێک ڕێنماییەکان پشتگوێ بخات ئەوا هەست بە تاوان و گومڕایی دەکات، و باوەڕی وایە بە نەبونی شوان تەواوی مێگەل پەرتەوازە و پەرش و بڵاودەبێت و لەناودەچێت. مێگەل بون و نەبونی خۆی بە بون و نەبونی شوانەوە دەبەستێتەوە. بەهەمان شێوە ئەو خەڵکەی ژێردەستەی دەسەڵاتی شوانکارەیی بێت، وەک مەڕەکان ژێردەستەی

فەرمانڕەوان و ڕێک وەک شوانی مێگەلەکان سەیری دەکەن. بەم جۆرە، دەسەڵاتدار خەڵکەکەی وا ڕادەهێنێت و فێری ئەوەیان دەکات کە گوێڕایەڵ بن و بەتەواوی دژی سەربەخۆیی بن و لەبەرامبەردا چێژ لە بەدواکەوتن و ملکەچی ببینن (دانیالی، ٢٠١٨، ٣٠٨-٣١١).

لە دیدی فۆکۆدا، ئاین ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی شوانکارەییدا. لەم ڕووەوە ئاینی مەسیحی جێ دەستی باڵای هەبوە لە وڵاتانی ئەوروپادا. بیرۆکەی خۆ قوربانیکردنی مەسیح لەپێناو هەڵگرتنی گوناهەکانی مرۆڤ لەلای مەسیحییەکان ئەوە دەردەخات کە لە دەسەڵاتی شوانکارەیی مەسیحیدا شوان بەرپرسیاریەتی تەواوی گەلەکەی لە ئەستۆدایە، بگرە دەبێت لەکاتی پێویستدا خودی خۆی بکاتە قوربانی. دەبێت ئاگاداری هەموان بێت و هەمو شتێک دەربارەی تاک بە تاکی خەڵکەکەی بزانێت، لەبەرامبەردا خەڵکەکەش پێویستە شوێنکەوتە و ملکەچی دەسەڵات بن، ئەم شوێنکەوتنەش شوێنکەوتنێکی سەپێنراو و بەزۆر نەبێت، بەڵکو وەفادارانە و خۆشەویستانە بێت (قانع، ٢٠١٣، ١٧٢).

فۆکۆ سەرنجی ئەوەی داوە کە دەوڵەت حاڵەتی شوانی هەیە و دەیەوێت وەک شوان دەسەڵاتی بەسەر ژیان و مەرگ و ئیرادە و ئاراستەی گەلەکەیدا هەبێت. دەسەڵات دەیەوێت بەتەنیا حوکمی هەموان بکات و بەسەر ژیانی خەڵکەکەیدا بروانێت و خاوەنداریەتییان بکات هەروەک چۆن شوان خاوەنداریەتی تەواوی مێگەلەکەی دەکات (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٥).

بە بۆچونی فۆکۆ دەسەڵات لەم پێنج ڕوە گشتیانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

1- دەسەڵات شتێک نییە کە بە دەستبێت، بسەنرێت و دابەشبکرێت، بەڵکو دەسەڵات لە ڕێگەی خاڵگەلی بێ ئەژمار و لەناو یاری و پەیوەندییە جیاواز و بزۆکەکاندا بەڕێوەدەچێت.
2- پەیوەندییەکانی دەسەڵات پێگەیەکی دەرەکییان نییە بە گوێرەی جۆرەکانی تری پەیوەندی و پرۆسەگەلی ئابوری و پەیوەندی زانین و پەیوەندی سێکسی. بەڵکو بۆ ئەوانیش ناونیشانن.
3- دەسەڵات لە خوارەوە دێت، واتە بەپێی بنەماکانی دەسەڵات و وەک شەبەنگێکی گشتی دۆخی دژیەکی و دولایەنی و گشتگیر لە نێوان باڵادەست و ژێر دەستەکاندا لە ئارادا نییە، شتێک وەک دوانەیەک لە سەرەوە بۆ خوارەوە بونی نییە.
4- پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە یەک کاتدا مەبەستدار و بێ مەبەستیشن، دەسەڵاتێک کە بەبێ زنجیرەیەک بەرچاوڕونی و ئامانج حوکم دەکات هەر بونی نییە.
5- لە کوێ دەسەڵات هەبێت بەرخودانیش هەیە، بەڵام هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە هەمو شوێنێک بەرخودان بەگوێرەی دەسەڵات هەرگیز خۆی لە پێگەیەکی دەرەکیدا نابینێتەوە، دەبێت بڵێین لەبەرئەوەی لەناو دەسەڵاتداین، ملکەچی دەسەڵات و یاساکانین و ڕێگای دەربازبونمان نییە لە دەسەڵات (فۆکۆ، ٢٠١٧، ١٥٣-١٥٦).
6-

**بەشی دوەم: گوتار و زانین لە لای میشێل فوکۆ**

**باسی یەکەم: واتای گوتار لە لای میشێل فوکۆ**

زاراوەی گوتار چەمکێکی ڕەخنەیی نوێیە و لە بنیاتی ڕەخنەیی ڕۆژئاوا و جیهاندا واتا و ئاماژەی ئاڵۆزی هەیە. گوتار دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت کە بریتییە لە بواری گشتی سەرجەم گوتراوەکان، یان کۆی ئەو گوتراوانەیە کە دەچنەوە

سەر سیستەمێکی دیاریکراو کە ڕۆڵی لە دروستبونیان هەیە لە کاتێکی دیاریکراودا و لە ژینگەیەکی ڕەخساودا (فوکو، ٢٠٠٦، ٤٧).

لە لای فوکۆ چەمکی گوتار مانایەکی جیاواز لە مانا ئاسایی و سروشتییەکەی خۆی هەیە، ئەمەش وادەکات ماناکەی قوڵتربێت و تێگەیشتنی بەزەحمەتتر بێت. گوتار لەلای فۆکۆ تەنها گوزارشت لە گوتنە ڕۆژانەییەکانی ناو خەڵک ناکات، بەڵکو هەمو تیۆر و بەرهەمە زانستییەکان و کۆی ئەو زانینە زانستیانەی لە کتێب و نوسراوە فەلسەفی و ئاینی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەن دەگرێتەوە. هەروەها سەرجەم وتار و یاداشت و زانیارییە پزیشکییەکانی پەیوەست بە جەستەی مرۆڤ و دەرون و یادەوەری و بەسەرهاتی کەسەکانیش لەخۆدەگرێت. بۆیە بەپێی سەرنجەکانی فۆکۆ دەتوانین گوتار پێناسە بکەین بەوەی کە بریتییە لەو چوارچێوە زمانییەی کە کۆنترۆڵمان دەکات و پێمان دەڵێت چ شتێک ڕێگەپێدراوە بگوترێت و چ شتێک نابێت دەربڕدرێت. گوتار ئەو ڕێسا و پێناسانە لەخۆدەگرێت کە دونیای پێدەبینین و ڕاڤەی دەکەین. واتە گوتار مانا بەو نۆرمانە دەبەخشێت کە لەژیانی ڕۆژانەماندا پەیڕەوی دەکەین (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٤-٣٥).

بەشێوەیەکی تر، فۆکۆ گوتار پێناسە دەکات و پێیوایە گوتار هەندێک جار بە مانای پانتایی گشتی بۆ کۆی گوتراوەکان دێت، هەندێک جاریش کۆمەڵەیەکی جیاوازی گوتراوەکانە. جاری واش هەیە پەیرەوکردنی شتێکە کە بنەمای خۆی هەیە و بەڵگەی وەسفکردنە بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لە گوتراوەکان و ئاماژەیە بۆیان. هەروەها لە شوێنێکی تردا فۆکۆ لەبارەی گوتارەوە دەڵێت: گوتار کۆمەڵێکە لە گوتراوەکان، ئەو گوتراوانەی کە پەیوەندییان هەیە بە خودی پێکهاتەی گوتارییەوە. لەم ڕووەوە، گوتار یەکەیەکی ڕەوانبێژی یان وێنەیی نییە کە قابیل بەوە بێت بۆ هەتاهەتایە دوبارەبێتەوە و بتوانرێت دەربخرێت و بەکاربهێنرێت لەمیانەی مێژودا. بەڵکو گوتار بریتییە لە ژمارەیەکی تایبەتی گوتراوەکان کە دەتوانن مەرجەکانی بونی خۆیان دەستنیشان بکەن (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٦، ٢٩٨-٢٩٩).

گوتار شتێکە لەنێو شتەکانی تردا، ئەویش وەک کۆی شتەکانی تر، ئامراز و بابەتی ململانێیە لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات. گوتار تەنها وێنەدانەوەی ململانێ سیاسییەکان نییە، بەڵکو تەختەی شانۆیەکە بۆ بەرهەمهێنانی خواست و ئارەزوەکان، ڕاستی و دروستی گوتار دەکەوێتە سەر پێگەکەی و شێوازەکانی کەسی قسەکەر. بەگشتی بابەتەکە پەیوەندی هەیە بەوەی کە کێ دەدوێت؟ و بۆچی دەدوێت؟ و کەی دەدوێت؟ چۆن دەدوێت؟ و ئامانج و مەبەستی پشت ئەو دوانە چییە؟ کەواتە، گوتار لەلایەکەوە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە، و لەلایەکی ترەوە لەژێر مانای دەستەواژە و گوتراوە زمانەوانییەکاندایە هاوکات دەربڕی پێگەی کەسی قسەکەر و هەڵگری گوتاریشە (فوکو، ٢٠٠٦، ٤٩).

فۆکۆ پێیوایە کە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و گوتار پەیوەندییەکی دو لایەنەیە. گوتار لە یەک کاتدا هەم ئامرازی دەستی دەسەڵاتە و هەمیش دەسەڵات دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. گوتار لەهەمان کاتدا دەسەڵات بەرهەمدەهێنێت و بەهێزی دەکات، دەیخاتە مەترسییەوە و لەبنیدەهێنێت، سست و لەرزۆکی دەکات، بەربەستی بۆ دروستدەکات. هەروەها بێدەنگی و نهێنیەکانیشی دەپارێزێت و قەدەغەکارییەکانی پتەو و جێگیرتر دەکات، بەڵام دەستکەوت و بەرهەمەکانیشی لاواز دەکات و جۆرێک لە کەمتەرخەمی و لێبوردەیش لەدەوری سازدەکات (فوکو، ١٣٩٠، ١١٧).

فۆکۆ داوامان لێ دەکات کە سەرکەوتنی هەر گوتارێک لە گرەوی پەیوەندییەکانی هەمان گوتار بە تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە بزانین، هەروەها گوتار جگە لە بەرهەمی دەسەڵات و پاساودەری خواستەکانی هیچی تر نییە. بۆیە پێویستە گوتار وەک زنجیرەیەک یان کۆمەڵە بەشێکی نابەردەوام و پێکەوەنەبستراو وێنابکەین کە یەک شێوەی کارکردنی نییە و ناجێگیرە.

بەشێوەیەکی تر نابێت جیهانی گوتار وێنا بکەین بەوەی کە دابەشکراوە بەسەر گوتاری پەسند و گوتاری ڕەتکراوەدا یان گوتاری سەردەست و گوتاری ژێردەست، بەڵکو پێویستە وا وێنابکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی گوتاری کە توانای ڕۆڵگێڕانیان لەناو ستراتیژیەتە جیاوازەکاندا هەیە (Foucault, 1978, 100).

گوتار پانتاییەکی تەواو بە دەسەڵات دەبەخشێت و هەمان پانتایشی لێوەردەگرێتەوە، لە یەک کاتدا تەواوکاری دەسەڵاتە و هەڵوەشێنەرەوەشیەتی. دەسەڵات هەمان کاریگەری لەسەر گوتار هەیە، لە هەر کوێیەک گوتار هەبێت ئەوا لەو شوێنە دەسەڵات بونی هەیە کە ئەرکی گەمارۆدان، قەدەغەکردن، بەتاڵکردنەوە و ڕەوایەتیدان دەگرێتە ئەستۆ. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دەسەڵات زۆر بەقوڵی لەسەرجەم تۆڕەکانی کۆمەڵگادا ڕەگی داکوتاوە و بەردەوام بونی هەیە (Foucault, 2014).

لەلای فۆکۆ ئەرکی گوتار هارمۆنیەت و گونجاندنی نوسین و گوتارەکانە لەگەڵ یەکتر. ئەم چەمکە لای فۆکۆ بە ئەندازەیەک فراوانە کۆی هەمو ئەو زانینانە دەگرێتەوە کە دەتوانرێت بکرێن بە نوسراو یان دەربڕدرێن. تەنانەت گوتار وەک تۆڕێک وایە پەیوەندی دروستدەکات لەنێوان هەمو جۆرەکانی زانیندا و بەردەوام لە گۆڕان و نوێبونەوەدایە. گوتار بەهەمان ئەندازەی زانین کار لە دەسەڵات دەکات و ناتوانێت درک بە ڕاستی بکات و هەڵەکان چاک بکاتەوە.(ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٦-٣٨).

سەرەڕای ئەوەش، فۆکۆ دەربارەی کاریگەری گوتار لەسەر کەسایەتی مرۆڤ دەدوێت و پێیوایە مرۆڤ ناوەڕۆکێکی جێگیر و نەگۆڕی نییە. بەڵکو لە کردەی بە مرۆڤبونێکی بێ کۆتایی و بەردەوامدایە، پێناسەیەکی هەمیشەیی و نەگۆڕی نییە. بەڵکو لە پرۆسەی دروستکردن و هەڵوەشانەوەیەکی بەردەوامی پێناسەکانیدایە. گوتارەکان دەستنیشانی ئەوە دەکەن مرۆڤ چۆن لە مرۆڤبونی خۆی بڕوانێت و چ مانا و دەرکەوتنێکی پێ ببەخشێت، ئەم پرۆسەی بەمرۆڤبون و گۆڕانە ئاڵۆزانەش بە بون و نەبون و ئامادەبونی گوتارەوە گرێدراون. واتە ئەوەی مرۆڤ دەکاتە بونەوەرێکی تایبەت لە سەردەم و کات و ژینگەیەکی تایبەتدا بریتییە لە گوتار (قانع، ٢٠١٧، ١٥٣).

لەم ڕووەوە، فۆکۆ پێداگیرە لەسەر ئەوەی کە هەمو سەردەمێکی مێژویی خاوەنی گوتار و پەیوەندی دەسەڵات و فۆرمی زانین و ڕاستی تایبەت بە خۆیەتی. ئەمانەش ڕاستی جیاواز دەربارەی چییەتی مرۆڤ و دونیا ناوەکییەکەی مرۆڤ بەرهەمدەهێنن و بەسەریەکیشەوە دەستنیشانی خودبونی مرۆڤ و زیانەکانی بۆخۆی و بۆ ئەوانی تر دەکەن. گوتاریش تەنها لەڕێگەی هۆشیاری و بیرکردنەوەوە دروست نابێت، تەنها عەقڵ بەرهەمی ناهێنێت، بەڵکو چینی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندی و دەسکەوتی ئابوری، بەها و نرخی تایبەتی، دەزگا و یاساکانیش بەشدارن لە بەرهەمهێنانیدا (قانع، ٢٠١٧، ١٥٤-١٥٧).

**باسی دوەم: زانین لە دیدی میشێل فۆکۆ**

بەشێوەیەکی گشتی زانین بریتییە لە هەمو زانیاریە بەدەستهاتوەکانی بواری گوتار، لە دیدی فۆکۆدا زانین لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرهەمدەهێنرێت و کاریگەری نێوان زانین و دەسەڵات کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لێکدانەبڕاوە. تەنانەت زانین بۆخۆی وەک ڕویەک لە ڕوەکانی دەسەڵات خۆی نیشان دەدات، پەیوەندییەکانی دەسەڵات بونیان نابێت ئەگەر ئەڵقەیەکی زانین بەیەکیانەوە نەبستێتەوە و هیچ زانینێکیش بونی نابێت ئەگەر پێشتر گریمانەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات نەکات و نەبێت بە بەشێک لە ستراتیژەکانی ئەو پەیوەندییانە. واتە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و زانین

هەم پەیوەندی پتەون، هەم پەیوەندی دێرین وقوڵن. هەروەها فۆکۆ هێز بە سەرچاوەی زانین دادەنێت و ڕادەی بون و نەبونی هێز، بە بون و نەبونی زانین دیاری دەکات (Afary and Anderson, 2005, 14).

لە لای فۆکۆ زانین و دەسەڵات بریتییە لەو پەیوەندییە دولایەنەی کە لەنێوان دەسەڵات و زانیندا هەیە و هەردولا کار لەیەکتری دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەری یەکتریشەوە. دەسەڵات زانینەکانی خۆی وەک ڕاستی پێناسە دەکات و ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی زانینەکە بە ناڕاست هەژماری دەکات، ئەو مافەش بەخۆی دەدات کە هەمو ئەوانە بەناڕاست دابنێ کە دەکەونە دەرەوەی زانینی دەسەڵاتەوە، یاخود لە زانین و ڕاستیەکانی دەسەڵات لایانداوە. هەمو یاساکانیش لەسەر بنەمای پاراستن و بەرگریکردن لە زانینی دەسەڵات دادەڕێژرێن (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٤٠-٤١).

بە بۆچونی فۆکۆ زانین و دەسەڵات پەیوەندییەکەیان ئەوەندە بەهێزە کە ناتوانرێت لە یەکتر جیابکرێنەوە. لەبەرئەوە، فۆکۆ چەمکی دەسەڵات و زانینی داهێناوە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان. فۆکۆ پێی وایە هەر باڵادەستی و جێبەجێکردنێکی دەسەڵات بناغەکەی دەوەستێتە سەر زانین، هەروەها زانین دەبێتە هۆی پێشخستنی خواستەکانی کۆمەڵێک و کەنارگیرکردنی خواستەکانی کۆمەڵێکی تر، ئەم کارەش دەبێتە هۆی بە ئاسایی و یاسایی دانانی کەنارگیرکردن و پشتگوێ خستنی کۆمەڵێک لەبەر بەرژەوەندی کۆمەڵێکی دیکە(Pollard, 2019 Chrstopher).

فۆکۆ پێیوایە ئەو پەیوەندییە پەیکەرییە بەهێزەی نێوان زانین و دەسەڵات ئامادەییەکی ناچارکەرانەی بەسەر کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتوەکانی سەردەمی مۆدێرندا سەپاندوە، بە جۆرێک کە دەست دەخەنە تایبەتیترین بوارەکانی ژیانی تاکەکەسەوە و ئەو سیستەمە تازەیەی دەسەڵات کە دەسەڵاتی ژێر سیستەمی سەرمایەدارییە نمونەیەکی تازەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە و تاکەکان بە شێوەیەکی نهێنی و هێواش، بەڵام ترسناک و دڕندانە کۆنترۆڵ دەکات (پۆستەر، ٢٠٠٩، ٢٠١).

فۆکۆ باس لە گەڕانەوە و وەرچەرخانی جارێکی تری زانین و هاتنەوەی بۆ ناو شانۆی ژیان دەکات. مەبەستی فۆکۆ لە گەڕانەوەی زانین لایەنیکەم بریتییە لە کرداری بەرپەرچدانەوەی بیرۆکەگەلێکی وەک، بەڵێ بۆ ژیان، نەخێر بۆ زانین، یان بەڵێ بۆ ڕاستی، نەخێر بۆ زانین، یان نەخێر بۆ کتێب، بەڵێ بۆ سەفەر و پارە.  فۆکۆ پێیوایە ئەوەی لەپشت ئەو بابەتانەوە شاراوەیە  یان لەناو ئەو بابەتانە و لە چوارچێوەیاندا دەردەکەوێت شتێک دەهێنێتە ئاراوە کە دەتوانین بە ڕابونی زانینە ژێردەست و شاراوەکان ناوی ببەین (Foucault, 1976, 6).

لەلای فۆکۆ گۆڕان لە زانیندا لە قۆناغە مێژوییە جیاوازەکاندا بەشێوەی پلەبەپلە و هێواش ڕونادات، بەڵکو بەشێوازێکی خێرا و تەواو ڕودەدات. ئەمەش پەیوەستە بە هێزی هۆشیارییەوە. هۆشیاریش بونی نییە، مەگەر لە پرۆسەیەکی ناوەکی خودیدا بێت، دابڕاو و گشتی بێت و تەواوی سنورە نەتەوەیی و کلتورییەکان بگرێتەوە. لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان زانین و دەسەڵات پەیوەندییەکی دیاریکراوە بەپێی ئەوکات و سەردەم و قۆناغەی تێیدا ڕودەدات (مجموعة من المؤلفين، ٢٠٠٨، ٢١٠).

لەلایەکی ترەوە، فۆکۆ پێیوایە زانین ڕۆڵ و کاریگەری دیاری هەیە لە ئاساییکردنەوە و پەروەردە و ئاڕاستەی بیری تاکەکانی کۆمەڵگادا. پەروەردەی ڕەوشتیش پێویستە ملکەچی دەسەڵات بێت، واتە ئاستی زانینی تاکەکان هەرچەندێک بێت ئاساییە بەو مەرجەی عەقڵی یاخیبون و دەستەمۆنەبونیان تێدا دروست نەکات. دواجار زانین دەبێتە بەشێکی گرنگی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی تاکەکان بۆ پابەندی و گوێڕایەڵی لەهەمبەر دەسەڵات و ملکەچی بۆ یاسا و ڕێساکانی کە

بەرهەمی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و زانینە، تا وای لێدێت کە دەسەڵات تاکەکان ناچاردەکات کە بە قەناعەتەوە ڕازی بن و گوێڕایەڵی خواستەکانی سیستەمی دەسەڵات بن (فۆکۆ، ٢٠١٤، ٣٥).

لە سەردەمی نوێ و مۆدێرندا زانین یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیاریکردنی ڕەفتارەکانی دەسەڵات، هەمو کردەوەکانی دەسەڵات پشت بە پاشخانێکی زانین دەبەستن و هەمو سزا سەپێنراوەکانی دەسەڵاتیش پاساوێکی زانینیان هەیە. ئەمەش بەڕونی لە یاساکانی چاودێریکردنی زیندانەکاندا دەردەکەوێت، هەر زانینێکیش لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتڕاست نەکرێتەوە و نەسەلمێنرێت، ئەوا گەرەنتی مانەوەی نابێت و دەکرێت هەر زو بپوکێتەوە و لەناوبچێت. هەروەها کاریگەری زانین بەسەر دەسەڵاتەوە بە جۆرێکە کە بەسەرجەم کایەکانی دەسەڵاتدا ڕۆچۆتە خوارەوە و لێی جیانابێتەوە (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٤١-٤٢).

دەسەڵاتی مۆدێرن دەست دەگرێت بەکۆمەڵێک زانینەوە و لەڕێگەیانەوە چاودێری تاکەکان و کۆمەڵگا دەکات و ڕایان دەهێنێت لەسەر گوێڕایەڵی. هەروەها لەپێناو پتەوکردن و پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی بەناچاری کۆمەڵێک دەزگا و دامەزراوەی ڕۆشنبیری وەک زانکۆ و دەزگاکانی پەروەردە بنیات دەنێت، هەمو ئەو دەزگایانە کاردەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی زانین لەپێناو پاراستن و درێژەپێدانی دەسەڵات و دورخستنەوەی ئەو دامەزراوانەی تری دەسەڵات کە لەلایەن چینێکی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دەوڵەت بەڕێوەدەبرێن، ئەم جۆری زانینە لەلای فۆکۆ تەنها کاری دروستکردنی وەهم و خەیاڵە لە تاکەکانی کۆمەڵگادا (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٤٣-٤٤).

لەم ڕوانگەیەوە بە بۆچونی فۆکۆ زانین هێزێکی ڕزگاربەخش نییە بۆ دەسەڵات لەبەرئەوەی لەسەر وەهم و درۆ دامەزراوە و لە ڕاستییەکانی پشت ئەو وەهم و درۆیانەی کە دروستی کردون دەترسێت. لەبەرئەوە دەسەڵات ناکۆکی هەیە لەگەڵ زانیندا و زانین وەک فریادڕەسیک دەبینرێت بۆ دژەکانی دەسەڵات و دەکرێت لەهەر ساتێکدا ئەو کەسانەی دژی دەسەڵاتن وشیار ببنەوە و درک بە ڕاستییەکانی پشت پەردەی دەسەڵات بکەن و ڕوبەڕوی دەسەڵات ڕابوەستن (کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠١٧، ٢٠٧).

سەرەڕای ئەمەش فۆکۆ بە چاوی ڕەخنەوە دەڕوانێتە ئەو بیرۆکەیەی کە پێی وایە مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئاستی بەدەستهێنانی زانینی ڕەها دەربارەی جیهان، فۆکۆ پێیوایە کە ئەو تیۆرانەی دەڵێن کە مرۆڤ توانای زانینی ڕەهای هەیە و بە سەلمێنراو و تەواو لەقەڵەم دراون، لەڕاستیدا بەو شێوەیە نین، بەڵکو دەکەونە بازنەی شیمانەی مێژوییەوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە فۆکۆ بەتەواوی باوەڕی نەبێت بە بەدەستخستنی زانین، بەڵکو فۆکۆ پێیوایە کە مرۆڤ هەمیشە لە سەرەتادایە دەربارەی فێربونی زانین، فۆکۆ تەنانەت بەچاوی گومانەوە دەڕوانێتە دیدی مۆدێرن دەربارەی فێربونی زانین کە تێیدا مرۆڤ توانای فێربونی هەیە بەمەرجێک ڕێگای زانستی بگرێتەبەر و ژینگەی لەباری فێربون بڕەخسێتە (Taylor, 2011, 179).

**بەشی سێیەم: پەیوەندی دەسەڵات و جۆرەکانی پەیوەندی دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ**

**باسی یەکەم: پەیوەندی دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ**

پەیوەندی دەسەڵات لەلای فۆکۆ بریتییە لەو ناوکۆییە نەخشراوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات کە بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵایەتی ناوکۆمەڵگا و دیدگا باڵادەستەکانی ئەو شوێن و کاتە جیاوازانەیە. هەرچەندە لەلای فۆکۆ دەسەڵات وەک شتێکی بەرهەست و بەرجەستە و خاوەن پەیوەندی بونی نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا دەسەڵات تەنها ئاماژە بە پەیوەندییە جیاوازەکانی ناوکۆمەڵگە دەکات (ڕەفیق، ٢٠٠٦، ٢١٥).

بیروبۆچونەکانی فۆکۆ بۆ دەسەڵات پەیوەستن بە دیدگاکانی لە هەمبەر پەیوەندییەکانی دەسەڵات نەک خودی دەسەڵات، واتە فۆکۆ باس لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکات نەوەک دەسەڵات، هەروەک خۆشی ئاماژەی بەوە داوە کە هەمو کاتێک ویستویەتی تیشک بخاتە سەر پەیوەندییەکانی دەسەڵات، بەڵام کاتێک باسی ئەو پەیوەندییانەی کردوە سەرنجەکان چونەسەر دامەزراوەی سیاسی و حکومەت و چینی باڵادەست، لەڕاستیدا فۆکۆ لە باسی پەیوەندیی دەسەڵاتدا مەبەستی باسکردنی هەمو جۆرە پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤەکانە بەبێ جیاوازی (قانع، ٢٠٠٢، ٣٥٠).

دەسەڵات بریتییە لە پەیوەندییەکی نابەرامبەر لەنێوان دو لایەندا، دەسەڵات دامەزراوەیەک نییە ناوەرۆکێکی قوڵ و دەزگایەکی پڕنهێنی هەبێت و تێگەیشتنی ئەستەم بکات. دەسەڵات بریتییە لە جۆرێک پەیوەندی دیاریکراوی نێوان لایەنەکانی دەسەڵات ئاماژەیە بۆ فەرمانکردنی لایەنێک و گوێڕایەڵی لایەنێکی تر. لەم ڕوانگەیەوە چەمکی دەسەڵات لەلای فۆکۆ ئاماژەیە بە تۆڕی پەیوەندی نێوان ئەو تاکانەی کە لە داوەکانی ئەو تۆڕەوە ئاڵاون و لەیەکتری گیربون. لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستی فۆکۆ لێرەدا یاری و ململانێیەک نییە کە بردنەوە و دۆڕانی لەخۆیدا هەڵگرتبێت، بەڵکو مەبەستی وروژاندن و کارتێکردن و سەرچاوەگرتنی کردەوەیەکە لە کردەوەیەکی ترەوە (Foucault, 1982, 786).

دەسەڵات هەمیشە پێویستە لە پەیوەندیدا بمێنێتەوە لەبەرئەوەی نەبون یان پچڕانی پەیوەندی واتە نەمانی دەسەڵات. ئەو پەیوەندیەش لەنێوان دو لایەندایەن، لایەنێکیان ئەو شتەی لەبەردەستدایە و لایەنەکەی تر خوازیاریەتی بۆ نمونە: پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار بریتییە لە زانست، واتە مامۆستا ئەو زانستەی پێیەتی فێری خوێندکارەکەی دەکات و خوێندکاریش زانستەکە وەردەگرێت. لەدەرەوەی ئەو جۆرە پەیوەندییەی نێوان مامۆستا و خوێندکار ئەوەی هەیە دەسەڵات نییە (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٨-٩).

فۆکۆ پێیوایە دەسەڵات هەرگیز لە پەیوەندی کۆیلایەتیدا دروست نابێت. کاتێک مرۆڤ کۆیلەیە و لە کۆت و زنجیر دایە، ئەوا ئەو پەیوەندییەی هەیە پەیوەندی دەسەڵات نییە. دەسەڵات کاتێک دروست دەبێت کە پەیوەندی کارتێکردن و کارلێککردن لە ئارادا بێت. لەبەرئەوە، دەسەڵات شتێک نییە کە تەنها کەسێک خاوەنی بێت و بەتەواوی دەست بگرێت بەسەریدا. دەسەڵات لەلای فۆکۆ تەنیا ناوێکە و دەخرێتە پاڵ حاڵەتێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگا کە گوزارشت لە پەیوەندییەکان دەکات (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٩).

یەکێک لەو پەیوەندییانەی کە دەسەڵات دروستی دەکات و کاریگەری لەسەری هەیە، بریتییە لە پەیوەندی نێوان ڕاستی و دەسەڵات لە دیدی فۆکۆدا، لە دەسەڵاتی مۆدێرندا، ئەگەر ڕاستی لە دەرەوەی دەسەڵات بێت و دژی بێت، ئەوا بەرژەوەندی دەسەڵات تەنها بە دەستکەوتێکی شاراوە دادەنرێت، بەڵام ئەگەر ڕاستی و دەسەڵات سەبارەت بە یەکتر

دەرەکی نەبن، واتە لەهەمان بەرەدا بن، ئەوا بەرژەوەندی قسەکەر و گەمەکانی تر واتە بەرژەوەندی هەردو لایەنی دەسەڵات، بەشێک دەبن لە شێوە سەرەکییەکانی کارکردنی دەسەڵات (کۆمەڵێک نسەر، ٢٠١٦، ١٢٤).

کاتێک فۆکۆ باس لە دەسەڵات دەکات، بە تەنها باس لە دەسەڵاتی دەوڵەت و دەزگاکان ناکات، بەڵکو باس لە دەسەڵاتی زانین و زانستەکانیش و باس لەو پەیوەندییانەش دەکات کە لەنێوان زانینی مۆدێرن و دەزگا سەرەکییەکانی دەسەڵاتدا دروست دەبن، نمونەیەک لە دەسەڵاتی مۆدێرن بریتییە لە سیستەمی زیندانەکان، لەلای فۆکۆ زیندان سیستەمێکی تازەیە کە تێیدا مرۆڤەکان گل دەدرێنەوە بەمەبەستی سەرلەنوێ دروستکردنەوە و چاکسازیکردن لە کەسایەتی تاوانباراندا، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی کە جارێکی تر بتوانن بگەرێنەوە ناو کۆمەڵگا و کارێکی سودبەخش ئەنجام بدەن، لەم مۆدێلە تازەیەی زینداندا سزادانە جەستەییەکان، کە بەشێک بون لە شێوازەکانی بەکارهێنانی دەسەڵات، لادەبرێن و شوێنیان دەگیرێتەوە بە ڕێگای دوبارە بنیاتنانەوە و پەروەردە و چاکسازی کەسایەتی زیندانییەکان (قانع، ٢٠١٧، ٧٤-٧٥). بێگومان بۆ هەرکەسێک بیەوێت تێبگات دیمەنی ناخ هەژێنی زیندانیانی (سیدنایا ) لە سوریا دوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد، نمونەیەکی زیندوی ئەو حەقیقەتەیە کە فۆکۆ پێشتر باسی کردوە.

کە هەزاران کەس لە ژێرناوی جیاجیادا دەسەڵات ڕاپێچی زیندانەکانیکردون کە دوچاری شێتی، و ئازاری دەرونی و سوکایەتی و ئازاری جەستەیی بونەتەوە.

لەلایەکی ترەوە، فۆکۆ باس لە دەسەڵات دەکات پەیوەست بە شوێن و کاتی دیاریکراوەوە بۆ نمونە: کاتێک باس لە شێتی دەکات لەسەردەمی مۆدێرنەدا، لە شێتخانەکان و نەخۆشخانە دەرونییەکاندا باسی لێوە دەکات، بەڵام لەسەردەمی پێش مۆدێرنەدا باسکردنی وەک شوێن لەناو کۆمەڵگادایە، واتە بەگۆڕانی سەردەمەکان، شوێنەکانیش دەگۆڕێن، تاوانباران لە سەردەمانێکی مێژوییدا لە شێوەی شانۆدا ئەشکەنجە دەدران، بە بەرچاوی ئاپۆڕایەک خەڵکەوە و لە شوێنێکی قەرەباڵغدا، بەڵام بە گۆڕانی سەردەم دەبینین دەگوازرێنەوە بۆ ناو زیندان و شوێنێکی دور لە چاوی خەڵک (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٠).

بە بۆچونی فۆکۆ شوێن و کات جگە لەوەی کاریگەری گەورەیان هەیە لە دروستکردنی دەسەڵاتدا، لە هەمان کاتدا جۆر و شێوە و ئەندازەی دەسەڵات و ئەو ئامرازانەی بەردەوامی پێدەدەن و ئامانجەکانیشی دیاری دەکەن، لەم ڕوەوە فۆکۆ پێی وایە کە دەسەڵات لە هەمو شوێنێکە، لەنێوان گشت کون و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگادا، لەنێوان هەمو تاکەکان و لەهەمو کاتەکاندا، دەسەڵات هەم لای ئەوانەیە کە لێی بەئاگان و هەم لای ئەوانەشە کە لێی بێ ئاگان (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٠-١١).

سەرەڕای ئەمانەش بە بۆچونی فۆکۆ دەسەڵات بە هیچ شێوەیەک کۆمەڵێک یاسا و دەستوری سەپێنەر و جەخت لێکراوە و سیستەمی بەزۆر ملکەچکەر و سنوردانەر نییە، بەڵکو دەسەڵات کۆمەڵێک تۆڕی پەیوەندی ڕێکخراوی ناجێگیرە، کە ئەوە نیشان دەدەن لە هەر شوێنێک دەسەڵات هەبێت، ئەوا بەرگریش هەیە. هەروەک چۆن دەسەڵات هیچ شوێن و چەقێکی دیاریکراوی نییە، بەهەمان شێوەش بەرگری لەدەرەوەی دەسەڵات هیچ شوێن و چەقێکی نییە (Gutting and Oksala, 2018).

فۆکۆ پێی وایە مەحاڵە کە بەتەواوی ڕزگاربون لە دەسەڵات بەدەستبهێنرێت. لەبەرئەوەی دەسەڵات ناوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆی وایە هەمو شتێک و هەمو شوێنێکی ژیانی داگیرکردوە.، دەسەڵات هەمیشە ئاڕاستەیەکی بەرگری و

ئەگەری گۆڕانی بەردەوامی هەیە. هەرچەندە فۆکۆ چونەدەر لە چوارچێوەی تۆڕەکانی پەیوەندی دەسەڵات بە مەحاڵ دەزانێت، بەڵام پێی وایە کە هەمیشە دەکرێت ئەو پەیوەندیانە بگۆڕدرێن یان بەشێوەی جیاواز لێکبدرێنەوە (Oksala, 2011, 96).

**باسی دوەم: جۆرەکانی پەیوەندی دەسەڵات لە لای میشێل فۆکۆ**

پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەڵگری پەیوەندییەکن کە دەسەڵات لەناو بنیاتی خۆیاندا بەرجەستەی دەکەن پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەمیشە بە جۆری جیاواز و ئامراز و ئامانجی جیاوازەوە دەردەکەون، لەبەر فراوانی و گشتگیری پەیوەندییەکانی دەسەڵات وایکردوە کە پەیوەندیەکانی دەسەڵات جۆرێک لە فرەیی و نواندنکاری شوێن و کاتەکانیان لە خۆ گرتبێت و هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی جۆراوجۆر بن. فۆکۆ لە نوسراوەکانیدا و لە شرۆڤەی پەیوەندی دەسەڵاتدا بەگشتی پەیوەندی چوار شێوازی دەسەڵات باس دەکات کە بریتیین لە دەسەڵاتی سەرکوت و چەپێنەر، دەسەڵاتی سەروەر، دەسەڵات دیسیپلین و بایۆ دەسەڵات، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە باسیان دەکەین (Foucault, 1980).

1- دەسەڵاتی سەرکوتکار (Repressive Power)

سەرکوتکردن لە سادەترین مانایدا بریتییە لە ویستی دەسەڵات بۆ دەستەمۆکردنی خەڵک و ڕازیبون بە ژێردەستەیی و بەر فەرمانبونی، ئەم جۆری دەسەڵاتە بەتەواوی پشت بە هێز و زۆرلێکردن و ناچارکردن دەبەستێت و هەمو کار و کردەوەکانی لە دەرەوەی چوارچێوەی زانین ئەنجام دەدات. فۆکۆ دەیەوێت بە گەڕان بەشوێن خاڵە زۆر وردەکانی مێژوی مرۆیی و جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لەکات و شوێنە جۆر بە جۆرەکاندا ئەوە ڕون بکاتەوە کە میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتن چۆن لەسەر بنەمای سەرکوتکردن و چەپاندن بەگەڕدەخرێن و چۆن لە هەرەمی سەرەوەی دەسەڵاتەوە تا بچوکترین خاڵ دروست دەبن و بڵاودەبنەوە (دانیالی، ٢٠١٨، ٦٦-٦٧).

لەسەردەمی مۆدێرندا، دەسەڵات بەهۆی سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای نوێ و ئامرازی پێشکەوتو ئاسانتر دەتوانێت پرۆسەی سەرکوتکردن بەڕێوەببات، هەروەها داهێنانە تازەکانی بەڕێوەبردن و شێوازی تازەی سیستەمی ئابوری و پێویستی بەرهەمهێنان وایکردوە دەسەڵات بیر لە کەمتێچوترین ڕێگای سەرکوتکردن و کۆنترۆڵکردنی تاکەکان بکاتەوە، ئەم ڕەهەندەش وا لە فۆکۆ دەکات بڵێت لە سیستەمی سەرمایەداریدا سەرکوت شێواز و فۆرمی گشتی دەسەڵات پێکدەهێنێت (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١١٣-١١٤).

ئەو گۆڕانانەی کە لە پەیوەندییەکانی هێزدا هەن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دیاریکردنی ویستەکانی دەسەڵاتی سەرکوت لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سەرکوت هەمیشە هەوڵدەدات کە هێز و بەردەوامی خۆی لە پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی ڕاستی خۆی و بەرژەوەندییەکانی بەزیندویی بهێڵێتەوە. بۆیە پێویستە هەمو ئەو گۆڕانانە تاوتوێ بکرێن کە لە نێوان هێز و لایەنی هێزدار و سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگادا ڕودەدەن و کاریگەرییەکانیان شیبکرێنەوە (دانیالی، ٢٠١٨، ٦٦-٦٧).

فۆکۆ باس لەوە دەکات کە هەندێک جار مرۆڤ لەوە نزیک دەبێتەوە و بیرکردنەوەکانی بەوجۆرە بەکاردەهێنرێت کە ڕەوشت بریتییە لە پابەندی بە یاساکانەوە و هەرکاتێک ئەو یاسا و ڕێسایانە بزربون ئەوا پێویستە بەدوای جێگرەوەدا بگەڕێت. هەروەک ئەوەی کە دەڵێت '' لە نائامادەیی ئەو جۆرە ڕەوشتانەدا پێویستە وەڵاممان هەبێت یان پێویستە کاردانەوەمان هەبێت ئەمەش بە گەڕان بەدوای تایبەتمەندییەکانی 'بون' دا دێتە دی''. 'بون' لەلای فۆکۆ دەبێتە ئامرازێک

بەدەست تاکەوە لەبەرامبەر یاسا بۆ داپۆشینی دیوە نادیار و دڕندەکەی دەسەڵات. فۆکۆ پێیوایە کە پێویستە بە چاوی ڕەخنەوە بروانینە ئەو لایەنانەی کە خۆیان بێلایەن پیشانی دەسەڵاتی سەرکوت دەدەن و ڕوە توندوتیژەکەی دەسەڵاتیان داپۆشیوە و لەژێرەوە هاوکاری دەکەن (Milchman and Rosenberg, 2003, 223).

سەرکوت لەبناغەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا دروست دەبێت کاتێک دەسەڵات ئامادەیی هەبێت سەرکوت دەردەکەوێت و لەدەرەوەی دەسەڵات شتێک بەناوی سەرکوت بونی نییە. بونی سەرکوت بەستراوەتەوە بە بونی دەسەڵاتەوە، بەڵام مەرج نییە هەرکاتێک دەسەڵات هەبو سەرکوتیش هەبێت، دەشێ دەسەڵات هەبێت و سەرکوتیش نەبێت، چونکە دەسەڵات جگە لە جۆری سەرکوت لە جۆری تریشدا دەردەکەوێت (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١١٠).

2- دەسەڵاتی سەروەر( Sovereign Power)

دەسەڵاتی سەروەر ئەو جۆرە دەسەڵاتەیە کە لەڕێگەی یاساوە سەرجەم دەسەڵاتەکانی لە دەستی کەسی فەرمانڕەوادا کۆدەکرێتەوە و ئەویش بەسەر تاکەکان و کۆمەڵگادا پیادەیان دەکات. دەسەڵاتی سەروەر سیستەمێکی دەسەڵاتداریەتییە کە دەسەڵاتەکانی پاشا و فەرمانڕەواکانی لەناو یاساکانەوە دێت و دواتر خۆیان دەبن بە ناوەندی پیادەکردن و جێبەجێکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ستونی لەسەرەوە بۆ خوارەوە (Camp, 2004).

لە ڕوانگەی فۆکۆوە دەسەڵاتی سەروەر سێ بنچینەی لەخۆگرتوە کە بریتیین لە یەکەم: ملکەچی، دوەم: یەکێتی و یەکگرتویی دەسەڵات، سێیەم: هەبونی ڕەوایەتی بونی تاکی ملکەچ بە پاساوی گرێبەست و پەیمان و یاسا سەروەری، بونی دەسەڵاتێک کە پێویست بونەکەی بەستراوەتەوە بە پاراستنی کۆمەڵگاوە بۆ ڕێگرتن لە گەڕانەوەی دۆخی نائارامی بەر لە گرێبەست، هاوکات ڕەوایەتی دەسەڵات کە ڕاستەوخۆ لەو گرێبەستەوە وەریگرتوە کە خەڵک لەسەری ڕێک کەوتون (Foucault, 1976,.44).

هەرچەندە بیرمەندانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک تۆماس هۆبز، جۆن لۆک و جان جاک ڕۆسۆ، وێنای دەسەڵاتیان کردوە لەسەر بنەمای گرێبەستێکی نێوان هاووڵاتیان خۆیان یان هاووڵاتیان و دەسەڵات پێیان وایە دەسەڵاتی سەروەر لە دەرئەنجامی ئەو گرێبەستانەوە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام فۆکۆ ئەو بۆچونە هۆبز بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە و پێی وانییە کە دەسەڵات دەرئەنجامی گرێبەستێکی لەوجۆرە بوبێت و لە سەردەمێکدا هەموان گورگ بوبن بۆ گیانی یەکتر و لە شەڕ و ئاژاوەی بەردەوام و نەبڕاوەدا بوبن و دواتر لەپێناو ڕزگاربون لە دۆخێکی لەو چەشنە گرێبەستێکیان کردبێت و دەستبەرداری ماف و ئازادییە کەسییەکانیان بوبن (مزروقي، ٢٠١٣، ٦٢).

لە دیدی فۆکۆدا، بونی دەسەڵات لەسەر بنەمای گرێبەست و ڕێککەوتن دەستبەرداربونی مافەکان ئەو خواستەیە کە سیستەمی سەرمایەداری و لیبراڵییەتی سیاسی لە پێناو باڵادەستکردنی بازاڕ و وەبەرهێنان پاساوی بۆ دەهێنێتەوە. فۆکۆ وەک ئاماژەیەک بۆ دەسەڵاتی سەروەر دەڵێت: ئەو دەسەڵاتە ناکۆکانەی کە وەک تۆڕێک لێک ئاڵاون، یان ئەو دەسەڵاتانەی هەژمونی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان هەیە بەسەر کۆمەڵگادا، خاوەن چەکن و زاڵن بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و گشت دامودەزگاکانی حکومەتیان لەژێر دەستدایە، خۆیان وەک سەرچاوەی ڕێسا و دادگەری و سنورپارێزی داناوە، ڕەوایەتی تەواوی دەسەڵاتداریەتییان بەخۆیان داوە (تشومسکي و بيريكمون، ٢٠١٤، ٦٧-٦٨).

بە بۆچونی فۆکۆ لێکچونێکی زۆر هەیە لە نێوان دەسەڵاتی سەروەر و کاڵا ئابوریەکاندا. هەر لەبەر ئەم هۆیەش فۆکۆ دەسەڵاتی سەروەر بە دەسەڵاتێکی ئابوریگەرایی ناودەنێت، چونکە لەم جۆرەی دەسەڵاتدا دەسەڵات بەرجەستەیە و دەتوانرێت خاوەنداریەتی بکرێت و بگوازرێتەوە و ببەخشرێت لە ڕێگەی پەیمان و ڕێککەوتنەوە (فوکو، ۱۳۹۰، ۱۸۱).

لە دیدی فۆکۆدا، بە یاسایکردنی دەسەڵاتی سەروەر و کورت کردنەوەی لە قاڵبی یاسادا پێچەوانەی بنیاتی سەرەکی سیستەمە پاشایەتییەکەی خۆرئاوایە. فۆکۆ پێی وایە کە لەدوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە سیستەمە جێگیرەکانی خۆرئاوا بەرەو گەشەپێدانی دەسەڵاتی پاشایەتی لەسەر ئەرکی دەسەڵاتە دەرەبەگییەکان هەنگاویان ناوە لەم لاشەوە سەروەری یاسا چەکێکی کاریگەر بو بەدەست دەسەڵاتدارانەوە کە بەکاریان دەهێنا لەدژی دەرەبەگەکان (فوکو، ۱۳۹۰، ۱۰۳).

3- دەسەڵاتی دیسیپلین ( Disciplinary Power)

دەسەڵاتی سەروەر لەسەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا شێوازێکی تری پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی وەرگرت کە ڕاستەوخۆ ڕوی لە جەستە بو و بەسەر جەستەدا پیادە دەکرا و بەدوای ئەو توانایەدا دەگەڕا کە لەناو جەستەدا بەرپرس بو لە بەرهەمهێنان. ئەو دەسەڵاتەش بریتیبو لەدەسەڵاتی دیسیپلین و چاودێر، دەسەڵاتێک کە تاکەکان دەخاتە ژێر چاودێری بەردەوامی خۆیەوە و لە بەش و پۆلی جیاواز جیاوازدا ڕێکیان دەخات و سەرپەرشتییان دەکات (Foucault, 1976, 35-37).

سەرەڕای ئەوەش ناتوانین بڵێین دەسەڵاتی سەروەر و دەسەڵاتی دیسیپلین هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەماوە و دەسەڵاتی دیسیپلین تەواوی بنەما و ڕیشەکانی دەسەڵاتی سەروەری لەناوبردبێت و خۆی بەتەواوی شوێنی گرتبێتەوە، بەڵکو دەسەڵات لەنێوان پرەنسیپەکانی سەروەرێتی و میکانیزم و ئامرازە تازەکانی کۆنترۆڵ کردن و دیسیپلیندا بەردەوامە، واتە سنوری نێوان هەردو جۆری دەسەڵاتەکە تا ئەندازەیەکی زۆر لە یەکتری نزیکن، بەڵام ئەوەندەش جیاوازن کە ناتوانین جۆرێکیان لە جۆرەکەی تردا جێبکەینەوە (Foucault, 1976, 37).

بە بۆچونی فۆکۆ سەرەتای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دیسیپلین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کلاسیک، پێیوایە بەر لە سەردەمی کلاسیک دەسەڵات زۆر نەدەچوە ناو وردەکاری و ژیانی تایبەتی خەڵکەوە و ئەوکاتە دەسەڵات کۆنترۆڵی ژیانی تایبەتی خەڵکی نەدەکرد، بەڵام دەسەڵات لە سەردەمی کلاسیکەوە شێوازێکی بۆرژوازی نوێی وەرگرت و چوە ناو کۆمەڵگاوە و بەسەر جەستە و ژیان و جوڵە تایبەتییەکانی مرۆڤدا پیادەدەکرا، لەم سەردەمەدا لەجیاتی زۆرلێکردن و ناچارکردنی خەڵک بە پێدانی باج و سەرانە بە دەسەڵات، دەسەڵات لەڕێگەی چاودێری بەردەوامەوە توانی خەڵک کۆنترۆڵ بکات (Merquior, 1985, 113).

فۆکۆ پێیوایە دەسەڵاتی دیسیپلین بە هەمو شوێنەکانی کۆمەڵگادا بڵاوبۆتەوە دەسەڵاتی پاشاکۆتایی هاتوە و سەری پاشا بڕاوەتەوە، دەسەڵاتی دیسیپلین بە ڕادەیەک کۆمەڵگای داگیرکردوە، کە دەتوانین کۆمەڵگا نوێیەکان بە کۆمەڵگای دیسیپلین ناوزەد بکەین، واتە دەسەڵاتی دیسیپلین توانای داگیرکردنی دەرون و ئاڕاستەکردنی بیری تاکەکانی کۆمەڵگای هەیە، ئەو دەسەڵاتە تاک وەک بابەت و ئامراز و ئامانجی خۆی دروست دەکات و وای لێدەکات ملکەچ و گوێڕایەڵ بێت (قانع، ۲۰۱۷، ۹۲).

دیسیپلین کارگەی دروستکردنی زۆرەملێ و گوێڕایەڵییە، فۆکۆ پێیوایە دیسیپلین یەکێکە لە ئامرازەکانی دەسەڵات بۆ خستنە ژێر چاودێری و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشت و توانا و توانستەکانی کەسەکان و دەتوانێت لە ڕێگەی دانانی ڕێسای سەرەکی بۆ سیستەمی پاداشت و سزا، پرۆسەی ملکەچکردنی کۆمەڵگا ئەنجام بدات (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٧٦).

4- بایۆ دەسەڵات (Bio Power)

بایۆ دەسەڵات بریتییە لە تۆڕێکی گەورەی پەیوەندی هەمەجۆر و جیاواز لەنێوان خەڵک و دەوڵەت و دەزگاکانی دونیای مۆدێرندا، دەسەڵات لێرەدا لەجیاتی کوشتن و وێرانکردنی خەڵک کار لەسەر ژیان بەمانا بایۆلۆژییەکەی دەکات، درێژکردنەوەی ژیان پاراستنی و بە دورگرتنی لە مردن، ئەو ئەرکانەیە کە بایۆ دەسەڵات ئەنجامیان دەدات ( Foucault, 1990, 138).

بە بۆچونی فۆکۆ مێژوی سەرهەڵدانی بایۆ دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ دوای نیوەی دوەمی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن. بایۆ دەسەڵات سیستەمێکە کۆی ژیان دەگرێتەوە، باڵایی خۆی بەسەر کۆی ژیاندا دەسەپێنێت و تەواوی ژیان بەخۆیەوە پەیوەست دەکات، واتە دەسەڵاتی باڵا بەسەر ژیاندا کە توانای پاراستن، یاخود وەرگرتنەوەی ژیانی هەیە دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی بە کەسێک ناسپێرێت تا بەجۆرێکی ڕەها و بە تەنیایی بەسەر ئەوانی تردا پیادەی بکات، بەڵکو هەمو کەس دەگرێتەوە چ ئەوانەی پیادەی دەکەن و چ ئەوانەش کە بەسەریاندا پیادە دەکرێت و دەکەونە ژێریەوە، واتە هەموان ملکەچی دەسەڵاتێکی نەبینراون کە دەشێ چاو و گوێی نهێنی لە هەمو شوێنێک هەبێت و بچێتە ڕۆحی هاوڕێ و کەسە نزیک و هاونهێنیەکانیشەوە، بایۆ دەسەڵات لە هەردو شێوازی دەسەڵاتی سەروەر و دەسەڵاتی دیسیپلین جیاوازە و جەخت لەسەر کۆی دانیشتوان دەکاتەوە، نەک تاکێک یان گروپێکی دیاریکراو (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٦٤-٦٧).

لە لای فۆکۆ بایۆ دەسەڵات تەنها لە لاشەی سەروەر و پاشایەکدا نییە، تەنها لەناو دەوڵەتیشدا نییە، بەڵکو لە هەمو شوێنێکی ناو کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیدایە، دەسەڵات لە دونیای مۆدێرندا بەو شێوەیە کار ناکات کە لە دونیای لاساییدا کاری دەکرد، میکانیزمەکانی بریتینین لە چەپاندن و قەدەغەکردن و نەخێر گوتن، بەڵکو دەسەڵات لە دونیای مۆدێرندا دەسەڵاتێکی بەرهەمهێنە. جۆرێک لە مرۆڤ و کەسایەتی تایبەت بەرهەمدەهێنێت و لەجیاتی تێکشکان خەریکی دروستکردنە، دروستکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی تایبەت (قانع، ٢٠١٧، ١٠٩).

بە بۆچونی فۆکۆ ئەو میکانیزمانەی کە بایۆ دەسەڵات دەیانخاتەڕو کۆمەڵێک پێشبینی و خەمڵاندنی ئابوری و پێوەرە گشتییەکان دەگرنە خۆیان، ئامانجی ئەو میکانیزمانەش بریتی نییە لە دەستکاریکردنی هیچ دیاردەیەک، یان گۆڕینی تاکەکەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بریتییە لە دەست تێوەردان لە ئاستی گشتی ئەو دیاردانە، بۆ نمونە: پێویستە تێکڕای مردن دەستکاری بکرێت یان کەم بکرێتەوە، پێویستە هیوای ژیان زیاتر بکرێت و هانی تێکڕای لەدایکبون بدرێت، لە هەمو ئەوانەش گرنگتر پێویستە میکانیزمی ڕێکخستنی ژمارەی دانیشتوان بهێنێتە ئاراوە و هاوسەنگی دروست بکات و لە ئاستیکی مامناوەندیدا بیهێڵێتەوە (فۆکۆ، ٢٠١٨، ٤٥١).

فۆکۆ پێیوایە بایۆ دەسەڵات تێڕوانینێکی ئەرێنی هەیە بۆ ژیان دەسەڵاتێکە کە بەهیچ شێوەیەک دەربڕی ویست و ئیرادەی دەسەڵاتدار نییە، بەڵکو خواستی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ژیانی جەماوەر و کاروبارەکانیەتی، ئەم دەسەڵاتە کار بۆ بەرەوپێشبردن و چاککردنی ژیان دەکات و مرۆڤ وەک بونەوەری زیندوی سودبەخش لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە،

تەنانەت لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگیشدا بەرگێکی گشتی بەبەردا دەکات و بەناوی پاراستن و پارێزگاری لە ئازادی هەموانەوە بڕیاری لەسەر دەدات (فوکو، ١٣٩٠، ١٩٠).

لە دیدی فۆکۆدا بایۆ دەسەڵات بەشێوەیەک چۆتە ناو قوڵایی کۆمەڵگاوە و ڕەگی داکوتاوە، هیچ هێز و بیروبۆچونێک ناتوانێت بیگۆڕێت و لای بدات، هەروەها بایۆ دەسەڵات بۆتە هۆی هاتنەکایەی سیستەمی سەرمایەداری و فراوانکردنی لەبەرئەوەی سیستەمی سەرمایەداری بەبێ ملکەچکردن و بەرهەمهێنانی ئاپۆڕای جەماوەری ناتوانێت بەردەوام بێت. بۆ ئەو مەبەستەش، بایۆ دەسەڵات سیستەمەکانی پەروەردە و تەندروستی و خێزان و سوپا و پۆلیسی لەپێناو پرۆسە ئابوریەکاندا وەگەڕخست (کەریمی، ١٣٩٤، ٦٢).

## ئەنجام

توێژینەوەکە گەیشتوە بەچەند ئەنجامێک کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- بە تێڕوانینی فۆکۆ چەمکی دەسەڵات مانایەکی فراوان و گشتگیری هەیە و پەیوەست نییە بە کەس و دەزگا و ناوەندەکانەوە، بەڵکو دەسەڵات بۆ هەموانە و پەیوەستە بە کات و شوێنی دیاریکراوە و لە شێوەی جیاوازدا دەردەکەوێ، کەواتا دەکرێ هەمومان خاوەن دەسەڵات بین، بەپێی دۆخ و لە کات و شوێنی جیاواز.
- دەسەڵات لە چەند شێوازێکی جۆراوجۆردا دەردەکەوێت، کە بە گشتی لەدیدی فۆکۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی شوانکارەییە، دەسەڵاتی دەوڵەت شێوازێکی نوێی دەسەڵاتی سەردەمە و سەرجەم دامودەزگا و ڕێساکانی دەوڵەت لە خزمەت خۆی بەکاردەهێنێت. دەسەڵاتی شوانکارەیی ئەو جۆرەی دەسەڵاتەیە کە وەک شوان سەیری فەرمانڕەوا و وەک مێگەل سەیری خەڵکەکەی دەکات و هەمان مامەڵەی شوان و مێگەل تێیدا بەرجەستە دەبێت. ئایا سیاسەتی گشتی جیهان لە کامیانەوە زیاتر نزیکە؟
- چەمکی 'گوتار' لەلای فۆکۆ بریتییە لە هەمو ئەو دەربڕینانەی کە چ بەشێوەی گوتار و چ بەشێوەی نوسین، شیاویەتی بون یان نەبونی دەسەڵات یەکلادەکەنەوە. ئایا گوتاری کوردی تاچەندە لە خزمەتی دەسەڵاتدابوە؟
- دەسەڵاتی سەرکوت هەمو هەوڵێکی لە پێناو سەرکوتکردن و نەهێشتنی هەستی ڕوبەڕوبونەوە و دژایەتی هاوولاتییان دەخاتەگەڕ. ئەمەش لەپێناو هێشتنەوە و قۆرخکردنی تەواوی دەسەڵات.
- دەسەڵاتی دیسیپلین لە ڕێگەی چەند دیسیپلین و یاسا و ڕێسایەکەوە و بەهۆی چاودێری بەردەوامەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگا دەکات و دەست دەخاتە نێوان وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگا. لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا تاک تاچەندە درکی بەم بابەتە کردوە؟
- بایۆ دەسەڵات بەسەرجەم جومگەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەچێتە خوارەوە و بە قوڵی دەسەڵات لە سەرجەم چوارچێوە و بوارەکانی ژیاندا وێنا دەکات. بایۆ دەسەڵات میکانیزمی لەبار و گونجاو بەکاردەهێنیت بۆ ژیانەوەی کۆمەڵگا و کار لەسەر بەکارهێنانی دەسەڵات دەکات لە بەرژەوەندی سەرجەم کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی. ئایا ئەم وڵاتەی تۆ تێیدا دەژی کام جۆری دەسەڵاتە پەیڕەو دەکات؟

# The Power in the View of Michel Foucault

**Zryan Hamza aziz[1] Darstan Abdulrahman Hussin[2] Bayar Othman qadr[3]**

[1+2+3]Department of philosophy College of Humans, University of Raparin-Ranya Kurdistan Region. Iraq.

## Abstract

Foucault, a famous French philosopher, has his own understanding of "power", emphasizing power is different from what we know and we cannot grasp its hidden facets. Modern power has completely changed from the imposition of power, from the will of the individual to self-imposing, and no longer found in its old forms. It is available everywhere all the time, and is applied equally to everyone. Foucault analyzes 'power' based on its quality and divides it into two parts according to the time at which it is exercised, namely the power of the state and pastoral power. The state power imposes its supreme hegemony over the entire community. The disciplinary power portrays the ruler as a shepherd and the community as a herd and gives the ruler all the responsibility. Foucault believes 'discourse' is the enabling environment of power deciding what is true and what should not be said. It has a strong relation with the power and has the power to strengthen or weaken it. Meanwhile, "knowledge" is closely related to power and influences the individual's direction and becomes the basis for their view's development on authority. Foucault thinks power comes in various ways, such as the powers of (repressive power, sovereign, discipline and bio-power). The power is responsible for the subjugation of the citizens and attempts to impose its sovereignty on the community. The Disciplinary Authority works on the rules of the community organization while Biopower works on its revitalization and uses the latest methods to organize it. The key issue of this paper is what is Foucault's view on the power and how does he view power? What are the principles on which power is based and how dose he view the relations of power? As a result of this paper we came to the following conclusions: In the perspective of Foucault, the power is not linked to a particular time and place. The power displays itself in various ways. It is possible that each of us own the power in a particular time and place. The power is strongly linked to knowledge and discourse both which affect the power in terms of its hegemony and abiding in the community.

**keywords:** Michel Foucault, Authority, Types of Power, Discourse, Knowledge

## لیستی سەرچاوەکان


یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

- ئەحمەد، جەبار (٢٠١٥). ئاشنابون بە فۆکۆ، چ١، چاپخانەی دلێر، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی.
- پۆستەر، مارک (٢٠٠٩). جۆرێکی تری مێژو – میشێل فۆکۆ و تیۆرەی نابەردەوامی لە مێژودا، و: ڕێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم، ژ: ٦١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- دانیالی، عارف (٢٠١٨). میشێل فۆکۆ، و: سەروان ئەحمەد، چ١، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- ڕەفیق، فاروق (٢٠٠٦). غەمە جڤاتیەکان، چ١، ب١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- فۆکۆ، میشێل (٢٠١٨). دەبێ بەرگری لە کۆمەڵگە بکرێت، و: ئارام ئەمین شوانی، چ١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- فۆکۆ، میشێل (٢٠١٧). مێژوی سێکسوالیتە – ویستی دانایی، و: کاوە دەستورە، چ١، ب١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- فۆکۆ، میشێل (٢٠١٤). ڕەخنە چییە، وانە وتاری ئەنجومەنی فەڕەنسی فەلسەفە، و: فاتح سەعیدی، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
- قانع، مەریوان وریا (٢٠١٧). ئەخلاق و بەرگریی، چ١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- قانع، مەریوان وریا (٢٠١٣). فیکر و دونیا، چ١، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- قانع، مەریوان وریا (٢٠٠٢). دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، چ١، ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی.
- کەریمی، ئەیوب (١٣٩٤). ئازادی و دەسەڵات، چاپخانەی مانگ، بانە، ئێران.
- کۆمەڵێک نوسەر (٢٠١٧). دەوڵەت دەسەڵاتێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، و: چەند وەرگێڕێک، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- کۆمەڵێک نوسەر (٢٠١٦). فۆکۆ: فەیلەسوفی هۆڵی هەشتەم و: چەند وەرگێڕێک، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- میراودەلی، کەمال (٢٠٠٧). زانین و دەسەڵات: خوێندنەوەیەکی فۆکۆ وەک خۆی، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

دووەم:سەرچاوە عەرەبییەکان

- ابوخاص، جودة محمد ابراهيم (٢٠١٧). المنظور الفلسفي للسلطة عند ميشيل فوكو – دراسة في الفلسفة السياسية و الإجتماعية، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت.
- الشاوي، منذر (٢٠١٢). فلسفة الدولة، الذاكرة للنشر و التوزيع، ط٢، بغداد.
- تشومسكي، نعوم، و بريكمون، جون (٢٠١٤). العقل ضد السلطة، ت: عبدالرحيم حزل، دار اللآمان، بيروت.
- سارتر، جان بول (٢٠٠٩). الكينونة و العدم – بحث في الأنطولوجيا الفينومينولوجية، ت: نقولا متيني، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- صليبا، د. جميل (١٣٨٥). المعجم الفلسفي، ط١، ج١، منشورات ذوي القربى، ايران.
- فوكو، ميشيل (٢٠٠٦). نظام الخطاب، ت: محمد سبيلا، دار لتنوير، بيروت.
- مجموعة من المؤلفين (٢٠٠٨). التحليل الثقافي في الفكر فوكو، هابرماس- بيرجر و دوجلاس، ت: مجموعة من المترجمين، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
- مزروقي، قوارية حليمة (٢٠١٣). الجسد و السلطة في فلسفة ميشال فوكو، رسالة ماجستير غير منشورة التي قدمها في جامعة السانية وهران – كلية علوم الإجتماعية، قسم فلسفة، الجزائر.
- ناش، كيت (٢٠١٣). السوسولوجيا السياسية المعاصرة. العولمة و السياسة و السلطة، ت: حيدر حاج اسماعيل، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان

- فوکو، میشیل (١٣٩٠). اراده به دانستن، ت: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، چاپ ششم، نشرنی، تهران.
- فوکو، میشیل (١٣٩٠). تئاتر فلسفه، ت: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، چاپ دوم، نشرنی، تهران.

چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان


- Afary, Janet and Anderson, Keven (2005). Foucault and the Iranian Revolution – Gender and the Seductions of Islamism, The University of Chicago Press, Chicago and London.
- badio-interviwes-foucault-in-1965/ what-is-psychology- Accessed: [Mar 15th, 2019].
- Camp, Stephanie M.H. (2004). Closer to freedom: enslaved women & everyday resistance in the plantation south. Chapel Hill: The University of North Carolina Press. The USA.
- Christopher pollard, (2019). The ideas of Foucault. Available from: http://theconversation.com/explainer-the-ideas-of-foucault-99758 Accessed: [Mar 15th, 2019]
- Foucault, M. (2014). Intellectuals and Power: A conversation between Michel Foucault and Gilles Deleuze, libcom. Availablefrom: www.blogs.nottingham.ac.uk/criticalmoment/2014/05/22/.
- Foucault, M. (1990). The History of Sexuality, v1. Vintage, New York.
- Foucault, M. (1982). Critical inquiry – v8, subject and power, translated from the French by: Leslie Sawyer, The University of Chicago Press, Chicago.
- Foucault, M. (1980). Power – Moral Values – and the Intellectual, (Interview with Michel Foucault - by Michel Bess. Available from: www.michaelbess.org/foucault-interview/ Accessed: [Mar 14th, 2020].
- Foucault, M. (1978). The History of Sexuality, v1, translated by: Robert Hurly, Pantheon Books, New York.
- Foucault, M. (1976). Society Must Be Defended, Lectures at The College De France. France.
- Gaventa, John (2003). Power after Lukes: a review of the literature, Brighton: Institute of Development Studies. Brighton.
- Gutting, Gary and Oksala, Johanna, (2018). Michel Foucault, The Stanford Encyclopedia of Philosophy. Available from: https://plato.stanford.edu/entries/foucault/ Accessed: [Mar 16th, 2020].
- Heywood, Andrew (1999). Political theory, an introduction, ST Martin's Press, New York.
- Lynch, R. A. (2011). Foucault's theory of power. In Taylor, D. (red.) Michel Foucault: Key Concepts (pp. 13-26). Acumen Publishing Ltd.
- Merquior, Jose Guilherme (1985). Foucault, University of California Press, The USA.
- Milchman, Alan and Rosenberg, Alan (2003). Foucault and Heidegger – Critical Encounters, university of Minnesota Press, London.
- Oksala, J. (2011). Freedom and bodies. In Taylor, D. (red.) Michel Foucault: Key Concepts. Acumen Publishing Ltd.

- Powercube (2020). Foucault: power is everywhere, Power and Social Change team at the Institute of Development Studies, University of Sussex. Available from: https://www.powercube.net/other-forms-of-power/foucault-power-is-everywhere/ Accessed: [Mar 14th, 2020].
- Rousseau, Jean Jacques (2002). The Social Contract – Or Principles of Political Right. Translated by: G. D. H. Cole, public domain.
- Taylor, D. (2011). Introduction: Power, freedom and subjectivity. Michel Foucault: Key Concepts .Acumen Publishing Ltd.